**ئەم باسە بەشێکە لە چەند باسێ کە سەبارەت بە بیری فەلسەفی بیریاری پۆست مۆدێرنی فەڕەنسی ژان بۆدریار لەبارەی دیاردەی تیرۆر و زەبروزەنگ نووسیومانە, هاوین-پایزی 2004 یەك لەسەر چواری ئەم باسە بە 9 زنجیرە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ کە لە شاری سلێمانی دەردەچێ بلاوکرایەوە بەلام دواتر ڕۆژنامەی ناوبراو لە بلاوکردنەوەی کەوت. گرنگی و پێویستی ماهیەتی باسەکە وایلێکردین لەسەر لاپەڕەی دەنگەکان بەردەست خوێنەرانی نخەینەوە.**

# جەنگێ پۆست مۆدێرن(1)

## گفتووگۆ لەبارەی بیری ژان بۆدریار لە کتێبی"" ڕۆحی تیرۆریزم""

**ئازاد حەمە**

**ئاماژەێ پێویست:**

پاش هێرشەکەی سێپتەمبەری 2001 بۆ سەر پنتاگۆن و مەلبەندی بازرگانی جیهانی سێ کتێبی گرینگ لەو بارەیەوە لە چاپخانەی ڤێرسۆ لە لەندەن هاتەدەر کە بەرهەمی سێ ڕوناکبیری ڕۆژئاوای بوون. ئەو سێ ڕوناکبیرە دوانیان فەڕەنسی(*ژان بۆدریار و پۆل ڤیریلیۆ*) ئەوی سێهەمیشیان سلۆڤێنی(*سلاڤۆی زیزك*) بوو. کتێبی یەکەم ئەوی ڤیریلیۆ بوو یە بەناوی"" لە خوارەوەی سفر"" و کتێبی دووەمیش ئەوی زیزك بوو لەژێرناونیشانی""بەخێربێن بۆ بیابانی فیعلی"" و دواکتێبیش ,کە بووە بە بابەتی ئەم باسەمان "" ڕۆحی تیرۆریزم"" بوو. ئەم کتێبە(واتە ڕۆحی تیرۆریزم) کە بەرهەمی سێرکردنی فەلسەفی بیریاری پۆست مۆدێرنی فەڕەنسی ژان بۆدریارە لەو سەروتارە گرینگە پێکدێ کە بۆدریار لەژێر هەمان ناونیشان(واتە ڕۆحی تیرۆریزم) لە ڕێکەوتی 2 ی نۆڤەمبری 2001 دا لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی بلاویکردۆتەوە. دواتریش ئەو سەرووتارە لەشێوەی کتێبۆکەێ بەهەمان ناو لە چاپخانەی گالیلیێی فەڕەنسی لە سالی 2002 دا بەچاپگەێنرایەوە. بەلام ئەم سەروتارە دواتر لەگەل سەرووتارێ تر بەناوی"" *ڕێگڤیم* بۆ دوو تاوەرەکە*"" بوو بە کتێبێ لەژێر ناوی ""ڕۆحی تیرۆریزم"" و لەلایەن چاپخانەی ڤێرسۆوە بلاوکرایەوە.

هەر لەودەمووەختەشدا جگەلە"" *ڕۆحی تیرۆریزم*"" بۆدریار کتێبێ دیشی بەناوی ""*پاوەر ئینڤێرنۆ- هێزی دۆزەخ*"" لەبارەی دیاردەی تیرۆریزمەوە نووسی. ئەم دوو بەرهەمە ,کە لە جیهانی ڕۆژئاوا خوێنەرێ زۆریان بۆخۆیان کۆکردەوە, ڕوونکردنەوەێ زۆر لەبارەی مانای سیاسی و فکری و فەلسەفی ئەو دیاردەیە بەگشتی و ڕووداوەکانی 11 ی 9 بەتایبەتی بەدەستەوە دەدەن. سەرباری ئەوە, ئەو دوو کتێبە, کە لەبارەی هەمان فێنۆمێن (دیاردە) دواون, تێگەیشتنهاییێکیشیان لە بواری فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخدا خستەوە کە بووە مایەی دروستبوونی گفتووگۆێ زۆر نەك هەر لەسەر بابەتی تیرۆریزم بەلکو بابەتهایەکی تریش لەم ڕووەوە بوونە جێیباس و خواس لەوانە: جیهانگیری, مۆدێرنە, بەهێمابوون, دروستبوونی وێنە, مێدیا و ڕاستی, سێستەمی ئابووری و سیاسی گلوبال, لەهەمووی سەیرتر خودی ئەوەی پێیدەلێن شارستانی ڕۆژئاوا لەگشت کاتێ زیاتر بوو بە شوێنی ئاوڕدانەوە. هەموو ئەمانە لەلاێ و ئەوەش لەلاێ کە ئەوی پێشتر کارەکانی بۆدریاری خوێندبێتەوە (لەوانە: "" *ئەمەریکا*"" 1986 , ""*شەڕی کەنداو شوێنی بەخۆینەگرت* "" 1991) لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دوو کتێبەدا تووشی خورپەێ ئەوتۆی فەلسەفی و سیاسی نابێ.

لەمیانەی ئەم چەند لاپەڕەیەدا نیازمان وایە خوێندنەوەێ بۆ بیری ئەم بیریارە فەڕەنسیە لە کتێبی یەکەم(ڕۆحی تیرۆریزم) ئەنجامبدەین. ئەم خوێندنەوەیەش سەرەتا بەخستنەڕووی دید و سێرکردنەکانی ئەم بیریارە دەستپێدەکا و دواتریش ئەو بیر و وێنە فکریانە گفتووگۆدەکا کە بوونیادی بیریاری ئەم نووسەرەیان لەو سەروتارەدا پێکهێناوە. دەخوازین ئاماژە بەوەشبکەین کە مەبەستی ئێمە لە نووسینی ئەم ڕاڤەکردنە تەنیا بەرچاوخستنی ڕوانین و تێگەیشتنەکانی بۆدریاری فەیلەسوف سەبارەت بە دیاردەی تیرۆریزم نییە بەلکو ئەوەشە کە لەلاێ دەمانەوێ دەرگا

له گفتووگۆی فه‌لسه‌فی (به‌تایبه‌ت فه‌لسه‌فه‌ی سیاسی) سه‌باره‌ت به‌م دیارده کوشنده‌یه بکه‌ینه‌وه و له‌لایه‌تریش ده‌خوازین کار بۆ ڕوونکردنه‌وه‌ی ئه‌وه‌ش بکه‌ین که دیارده‌ی تیرۆریزم له‌گه‌ل دیارده‌ێ کوشنده‌یتر ,که ئه‌وه‌ش جیهانگیرییه, له حاله‌تێ ئه‌نتاگۆنیزمی(دژه‌گه‌رایی, ناحه‌زیی) ڕه‌های میتافیزیکیدا ده‌ژی.
به‌مشێوه‌یه فه‌لسه‌فه‌کردنه‌که‌ی ئێمه به‌سه‌ر تیرۆریزمه‌وه له‌وێووه شیاوێخۆی به‌ده‌ستده‌هێنێ که دیارده‌ی تیرۆریزم هه‌ڕه‌شه‌یه بۆ سه‌ر بوونی بوونه‌وه‌ر و تێکدانی ڕیشالی پێوه‌ندیه مرۆییه‌کان و به‌ها مورالی(ڕه‌وشتی) و ناسنامه و ترادیسیۆنه‌کان. ئه‌م جۆره ته‌ماشاکردنه بۆ ئه‌م دیارده نه‌خۆشیئامێزه ده‌رگا له گه‌لێ ڕوانین و ته‌ماشاکردنی جۆراوجۆر ده‌کاته‌وه و هه‌روه‌ها ئه‌و ته‌وژمی دژه‌گه‌رایه‌ش شیده‌کاته‌وه که دیارده‌ی ناوبراو له‌گشت شوێنێ چاندوویه‌تی. بۆیه له‌درێژه‌ی ڕاڤه‌کردنه‌که‌مان کار بۆ ڕرِوخستنی ئه‌وه‌شده‌که‌ین که تیرۆریزم له‌ته‌ك دیارده‌ێ له‌خۆی نه‌گریستر که ئه‌وه‌ش جیهانگیرییه له‌حاله‌تێ به‌رامبه‌رگه‌رایی ڕه‌هادا ده‌ژی. ئه‌م به‌رامبه‌رگه‌رایه‌ش له‌نێوان تیرۆریزم و جیهانگیری ده‌روازه له جه‌نگێ ده‌کاته‌وه که گشت شیاویه‌کانی ئه‌و جه‌نگه‌ی تیابه‌دی ده‌کرێ که پێیده‌ووترێ جه‌نگی پۆست مۆدێرن. واته به‌ریککه‌وتنی تیرۆریزم له‌گه‌ل جیهانگیریدا ئه‌و دوو جه‌مسه‌ره دژه‌گه‌رایه پێکدێنن که چاخی زانیاری دابه‌ش دوو بلۆکده‌که‌ن: تیرۆریسته‌کان و دژه تیرۆریسته‌کان. ئه‌م جه‌نگه که له گه‌ڕه‌کی مانهاتانه‌وه ده‌ستپێیکرد, و تائێستاش درێژه‌ی هه‌یه و که‌سیش نازانێ که‌ی و چۆن وه‌ك گشت جه‌نگه دیار و نادیاره‌کانی تر کۆتای دێ , جه‌نگی نێوان دوو هێمایه و به‌رهه‌می پێکدادانی نێوان دوو په‌یامه که هه‌ریه‌که‌یان ده‌یه‌وێ هێمای ئه‌ویتر بنێژێ.

## دۆزینه‌وه‌ی مانای فه‌لسه‌فی بۆ ڕووداوه‌کانی 11 ی 9 :
## ڕۆحی تیرۆریزم

بۆدریار وه‌ك بیریارێ پۆست مۆدێرن و دژه‌جیهانگیری به‌هۆی سه‌روتاری " "ڕۆحی تیرۆریزم" "وه, که دواتر بوو به کتێبێ , ده‌یه‌وێ فه‌لسه‌فه به‌سه‌ر ڕووداوه‌کانی 11ی سێپتمبه‌ری 2001 وه بکا و مانای فه‌لسه‌فیش بۆ ناوه‌ڕۆکی ئه‌و ڕووداوانه بدۆزێته‌وه. ئه‌مه‌ش کاتێده‌کا که هه‌نگاو بۆ ڕوونکردنه‌وه‌ی ڕۆحی دیارده‌ی تیرۆریزم ده‌نێ. بۆ ئه‌م بیریاره ئه‌وه‌ی ئێمه پێیده‌لێین تیرۆریزم ئه‌م وه‌ك ڕووداوێ ته‌ماشایده‌کا. به‌باوه‌ڕی ئه‌و جیهانی نوێ و جیهانی ئێمه پڕن له ڕووداو و ئه‌م ڕووداوه‌ش , واته تیرۆریزم, که ڕوویدا به‌مه ڕووداوێ دیش هاته سه‌ر خه‌رمانه‌ی ڕووداوه‌کانی ترمان . ئه‌م ڕووداوه له‌کاتێ سه‌رده‌رده‌هێنێ که به‌تازه‌کی له‌هه‌نده‌ێ ڕووداو, وه‌ك ڕووداوی زه‌برووزه‌نگ و گینۆساید و چه‌ندین فۆرمی تر له ڕووداو , هاتووینه‌ته‌ده‌ر. به‌لام ئه‌م ڕووداوانه و ڕووداوه‌کانی 11 ی سێپته‌مبه‌ر له‌وه‌دا جیان که ڕووداوه‌کانی 11 ی سێپته‌مبه‌ر خۆیان وه‌ك ڕووداوهایه‌کی هێمای(سیمبۆلی) ده‌رده‌خه‌ن و به‌رهه‌می ئه‌و جیهانگیریه‌شن که به‌ڕێوه‌یه.
له‌سه‌ره‌تای باسه‌که‌یدا ئه‌م ڕوناکبیره فه‌ڕه‌نسیه جه‌خت له‌وه‌ده‌کا که له مه‌رگی دیانا و جامی جیهانیه‌وه تائێستا گه‌لێ ڕوداوی گلوبالمان , یان گه‌لێ زه‌برو و ڕووداوی فیعلیمان له جه‌نگه‌وه بۆ گینۆساید ڕێکه‌وتکردووه به‌لام تائه‌مڕۆ ڕێکه‌وتی ڕووداوێ هێمایی گلوبالی له‌م شێوه‌یه‌مان نه‌کردووه(بۆدریار, ڕۆحی تیرۆریزم,لا 3)(2).
بۆدریار وه‌ك دوژمنی سه‌رسه‌ختی ته‌وژمی جیهانگیری ئه‌مه‌ریکای و ڕۆژئاوایی ڕووداوه‌کانی 11 ی سێپته‌مبه‌ر به هێمای ده‌زانێ بۆ ڕه‌تکردنه‌وه‌ی ئه‌و ته‌وژمه. به‌مجۆره و به‌پێیی بیری بۆدریار, ڕووداوه‌کانی پێشتر , واته پێش سه‌رهه‌لدانی ئه‌م ته‌وژمه, ده‌کرێ وه‌ك ڕووداو ته‌ماشاکرێ به‌لام پاش ڕووداوه‌کانی 11ی سێپته‌مبه‌ر و ئه‌و هێرشه‌ی کرایه سه‌ر نێوه‌ندی بازرگانی جیهانی له نیویۆرك, ناشێ بیر له ڕووداوه‌کانی تر بکرێته‌وه. چونکه ئه‌م فه‌یله‌سوفه ئه‌وی له مانهاتان ڕوویدا وه‌ك " " دایکی ڕووداوه‌کان " " ته‌ماشاده‌کا. که‌وابێ بۆ ئه‌م فه‌یله‌سوفه نه ڕووداوی له‌مه مه‌زنتر هه‌یه و نه ڕووداوی ئه‌وه‌نده کاریگه‌ریش بوونی هه‌بووه. ئه‌وی بۆدریار ناوی ده‌نێ" " دایکی ڕووداوه‌کان" " ئه‌و ڕووداوه‌یه که به‌های هێمایی بۆخۆی دروستکردوه. ئه‌مه له‌لای ڕاسته چونکه دۆزی سیاسی و ئابووری جیهان بێ یه‌ك ودوو فرێیداوینه‌ته ناو ده‌ریای له هێما و , له‌لای تریش له‌به‌رئه‌وه‌ی نهێنی به‌هێمابوونی ئه‌و ڕووداوه له‌گه‌ل تێکچوونی هێماکه‌ی ئه‌ویتر دا دروستده‌بێ.
ئه‌م ڕووداوه بۆ بۆدریار بێ وێنه‌یه و هیچ یه‌کێ له ڕووداوه‌کانی له‌مه‌وبه‌ر ئه‌و شوێنه‌ی نه‌بووه یان شوێنی به‌مشێوه‌یه بۆخۆی نه‌دۆزیوه‌ته‌وه. ڕووداوێکیش له‌م جۆره ته‌نیا به‌هۆی ڕه‌هه‌نده سیاسییه گلوباله‌یه‌که‌یه‌وه توانیویه‌تی ئه‌و وێنه‌یه له ئه‌ندێشه‌ی بۆدریار دروستکا. هۆی ئه‌مه‌ش ته‌نیا بۆ مه‌زنی ڕووداوه‌که ناگه‌ڕێته‌وه به‌لکو بۆئه‌وه‌ش که شوێن و چرکه‌ی ڕووداوه‌که مانای زۆریان بۆ ئه‌و شێوه ڕوونکردنه‌وه‌یه هه‌یه که بۆدریار بۆی ده‌کا.
له‌سه‌ره‌وه‌ش هه‌روه‌ك ئاماژه‌مانپێکرد ڕوناکبیری و شێوه‌ی فه‌لسه‌فه‌کردنه‌که‌ی بۆدریار پێوه‌ندیێ زۆری به جۆری ڕووداوه‌که و ئه‌و سێسته‌مه سیاسی و ئابووریه‌شه‌وه هه‌یه که‌دووچاری ئه‌و ڕووداوانه بۆته‌وه یان ئه‌وشێوه

هێماییەش کە پەلاماردراوە. ئەمە پەلاماردانێ ئاسایی نییە بەلکو هێماییە. واتە ڕووداوەکە هێما دروستکەرە. بۆدریاریش کە بیریارێ هێماناسە چاك لە مەغزای ئەم هێمایە دەگا.

ئەوەی بۆدریار لەم کتێبەدا (لەم سەروتارەدا) زۆر جەغتی لەسەردەکا ئەوەیە کە گشت یاری مێژوو و هێز بەهۆی ئەم ڕووداوەوە سەرلەبەرگۆڕا و تەنانەت دابڕانیشی تێکەوت. نەك هەرئەوە بەلکو حودی دۆزی ڕاڤەکردنیش (شیکردنەوەش) دووچاری ئەم دابڕانە بوو. بەلام ئێمە ئەم ڕاڤەکردنە لای بۆدریار نابینینەوە چونکە بۆدریار ڕابردوویێ زۆری لە ڕوونکردنەوەی هێما و هەروەها ئەو سێستەمە بەرخۆریە ئابووری و حاکمداریە سیاسی و کولتووریەش هەیە کە سێستەم هەیەتی. لێرەدا مەبەست لە سێستەم ئەویتری ڕۆژئاوا یان شارستانی تازەیە کە خاوەنی وتارێ تایبەت بەخۆیەتی. ئەمەش واتە ئەوەی کە ڕۆژئاوا خاوەنی وتارێ تایبەت بەخۆیەتی گرێکۆرەی بەشێ زۆر لە مەغزاکانی ئەو هێرشە هێماییەیە کە هەموو بەچاوی خۆمان ڕێکەوتی 11 ی 9 , پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەمە بەکاتی ئەوروپا, لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن دیمان .

لەبارەی ئەم ڕووداوە مەزنەوە گەلێ ووترا و نووسرا کە بۆدریاریش لە نووسینەکەی باسیلێوەدەکا بەلام هەموو ئەو ووتن و نووسینانە ماهیەتی ڕوودانی ئەو هێرشە بەتەواوەتی ڕووننا‌کەنەوە. بۆیە پێدەچێ بۆدریار ئامانجی لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەبێ کە وەرچەرخاندێ لەو ووتن و نووسینانەدا بکا کە لەبارەی ڕووداوەکانی 11 ی سێپتەمبەری 2001 ئەنجامدراون. چونکە بۆ ئەم بیریارە بەوەناچێ گرینگ ووتن و نووسیبن بووبێ لەسەر ئەو هێرشە بەلکو گرینگ دەرخستن و دۆزینەوەی ڕیشەی کێشە و پێکدادانەکانە لەنێوان فووربانیەکان و هێرشکەراندا. لەبەرئەوەی گەلێ لەوانەی لەبارەی ڕووداوەکانی واشنگتۆن و نیویۆرك قسەیانکردووە بەزۆری قسەکانیان هەولێ بووە بۆ بەکاربردنی ڕووداوەکە وەك لەوەی قسەکەکانیان ڕاقەکردنێ فیعلی بەرهەمهێنابێ. هەرچی نووسینەکەی بۆدریارە دلنیاین کە ئامانجێ گەورەی لەپشتەوەیە و شێوازێ تایبەتیشی لە ڕاڤەکردن سەبارەت بە ڕووداوەکانی مانهاتان هێنایەدونیاوە. ئەو نووسینانەی نەزۆك و بێبەربوون ئەو نووسینە ڕۆژنامەگەرییە بێ فکرانە بوون کە مۆرکی تازەی مێدیای جیهانییان بەسەرەوەبوو. ڕاستە بۆدریار لەم بوارەدا بەرهەمهێنەرە و خاوەنی شێوازێ بێوێنەیە بەلام ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە ناوبراو خەونی بە هاتنەدونیای ڕووداوێ لەم شێوەیە دیبێ و ئارەزووی ئەوەشیکردبێ کە بەهۆی کێشەهایەکی لەم جۆرەوە بیەوێ هەلێ(فورسەتێ) بۆ ئەوە بدۆزێتەوە کە تێۆریزە بەسەر دۆزی ڕەوشتی سیاسی و ئابووری گلوبالەوە بکا. یان بەلانی کەمەوە ئەوە بەچاوخۆی ببینێ کە چۆن ئەو دەسەلاتە سیاسی و ئابووریە گلوبالە دووچاری خورپەێ گەورەی لەو جۆرە دەبێ کە لە مانهاتان هاتەسەری.

بۆدریار لەمیانەی باسەکەیدا بەرەو ئەو تێڕامانەشمان دەبا کە ئەم جۆرە هێرشکەرانە لەوێنەی ئەوانەی پەلاماری نێوەندی بازرگانی جیهانییان دا لەگشت شوێنێ هەن بەلام ڕەنگە بەشێ لە ئێمە ئەو جۆرە ئامادەبوونەی ئەو هێرشکەرانە بەوە لێکداتەوە کە ئەمانە هێزهایەکی میتافیزیکی ئەبەدین و ئامادەبوونیشیان لەو فۆڕمە بەشێکە لە قەدەرمان. وەلی ئێمە ئەم لایەنە لە ڕوونکردنەوەکانی بۆدریار, یان چاترە بلێین لە نائاگایی فەلسەفیی بۆدریاردا, بەدیناکەین بەلکو ئەوی بەدیدەکەین ئەوەیە کە ئەم هێرشکەرانە لە پێکهاتەی بیری فەلسەفی بۆدریاردا خۆیان وەك هێزهایەکی هێمایی بەرجەستەکردووە. ئەم هێزە هێمایەش کە هێزی تیرۆریستەکانە پەلاماری دەسەلاتێ هێمایی تریانداوە کە مەلبەندی بازرگانی جیهانی کردووە بە شوێنی ڕەنگدانەوەی هەبوونی. واتە تیرۆریستەکان بیریان لە لێدانی ئەو شوێنە کردۆتەوە کە دەسەلاتە هێماییەکەی تیا چڕبۆتەوە کە ئەوەش دەکەوێتە گەڕەکی مانهاتانەوە لە نیویۆرك. بەلام ئەمە هێپۆتێزی (گریمان) بۆدریار نییە. چونکە بۆدریار ئاوا بەڕاشکاوی باس لە جەنگێ لەنێوان دوو هێما ناکا. بەلکو لەبڕی ئەوە ئەم بیریارە پاریسیە باس لەوەدەکا کە هێرشە تیرۆریستیەکەی 11 ی 9 بە تێکدانی هێمای ئەویتر کۆتایهات. یان ناوبراو خودی پەلاماردانەکە بەو جۆرە پەلاماردانانە دەشوبهێنێ کە ڕووداوێ هێماییان لێوەبەرهات. ئێمە ئەم گریمانەمان تێکەل بە گریمانێکی خۆشمان کردووە کە لای سەرەوە بەشێکیمان درکاند.

کەواتە شیاوە ئەوە بووترێ, دووتاوەرەکە لەبەرئەوەی لەلایەن هێرشکەرانەوە وەك هێمایێ ستراتیژی تەماشاکراوە بۆیە ئەو هێرشەی کراوەتەسەر و لەهەمانکاتدا کراویشە بە ئامانجێ بۆ تێکدانی سەرجەم ئەو هێمایەی ئەو دەسەلاتە یان سێستەمە ئابووریە گلوبالە سالاهایە ماهیەتی هێمایی خۆی لەسەر بوونیادەنێ. تیرۆریستەکان , بۆدریار ووتەنی, کە داڕمانی دوو تاوەرەکەیان بەچاوی خۆیان نەدی کارە تیرۆریستیەکەیان زۆر لەو هێرشە تیرۆریستیە هێمایی تر بوو کە کرایە سەر پنتاگۆن. واتە ئەو هێرشە تیرۆریستیەی کرایە سەر مەلبەندی بازرگانی جیهانی بە داڕمانێ کۆتای هات کە هێمایی بوو ئەو هێمایەش سەرچاوەی لەو دوو تاوەرەوە هەلدەگرت کە کرابوو بە هێما بۆ خودی سێستەمی ئابووری گلوبال یان دەسەلاتی ئابووری گلوبال. ئالێرەدا بۆدریار پێکهاتە هێمایەکە سەرلەبەر هەلناوەشێنێتەوە. چونکە لە ئاگایی تیرۆریستی پەلاماردەراندا ئەو هێمایە سێ کوچکەیی بووە. بۆیشە بەرەو سێ شوێن لەیەککاتدا هەلفرین کە هەریەکەیان لە فەرهەنگی دەسەلاتی گلوبالدا هێمای خۆی هەیە. ئەو سێ شوێنەش کە هێمای ئابووری, سیاسی و سەربازین لەخۆدەگرن وەك هێمایێ سێ کوچکەی خۆیان لە ئاگایی مرۆڤی هاوچەرخدا بەیاندەکەن. دوو تاوەرەکە وەك شوێنی دابەشکردنی ئابووری بەمانای پارە و داهات هەلبژێراوە و

کۆشکی سپیش وەك نێوەندی بڕیاری سیاسی و سێهەمیش کە پنتاگۆنە وەك قەلای سەربازگەری لە چاخی تازەدا.
بەلام ئەم بیریارە هێماناسە لە نووسینەکەی تەنیا جەغت لە هێمای یەکەم دەکا و تەنیاش ئەم هێمایەی لە دلی ڕەشی تیرۆریستەکاندا دەستنیشانکردووە کە ئەوە لەخۆیدا بچووکردنەوەی ئەو دلەیە.
وێرای ئەو ڕەخنەیەی ئاڕاستەی ئەم بیریارە پۆست مۆدێرنەمان کرد دەمانەوێ ئەوەش بلێین کە ناوبراو زۆر حەکیمانە باس لەوە دەکا کە , هێزەکان بەهۆی ئەم هێرشەوە بەر گۆڕان دەکەون بەتایبەت گۆڕانی ڕۆلەکان (دەورەکان). ئەمە بەومانایە دێ کە بۆدریار دەخوازێ ئەوەمان پێبلێ ,کە تیرۆریستەکان ئەیانەوێ گۆڕانی گشتی لە ناو دلی سێستەمدا بکەن. بەلام تیرۆریستەکان بۆئەوەی ئەم گۆڕانە ئەنجامدەن پشت بەمەرگی خۆیان دەبەستن. واتە بە پێشکەشکردنی مەرگی خۆیان گۆڕینی ڕۆلەکان دروستدەکەن. ئەمەش لای بۆدریار ئەوە دەگەێنێ کە تیرۆر دژ بە تیرۆر ئەنجامدەدرێ. ئەم کارەش بۆلەمەولا ناشێ هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی بدرێتەپال (بۆدریار, لا 9). ئەمە بەو مانایەدێ کە ئەم فەیلەسوفە پێیوانییە بۆلەمەولا ئایدیۆلۆژیا یان سیاسەت بتوانێ ببێ بە هۆکارێ بۆ پێکهێنانی کارێ تیرۆریستانەی لەو شێوەی لە مانهاتان ڕوویدا. بۆیە نایەوێ ئێمە هیچ جۆرە هۆیەك بۆ ئەم هێرشە تیرۆریستیە یان ڕەفتارە توندە بدۆزینەوە, نەهۆی سیاسی نەهۆی ئایدیۆلۆژی و تەنانەت نەهۆی ئیسلامیش. ئەم لایەنەش بەرەو ئەوەمان دەبا بلێین کە بۆدریار پێدەچێ , ئەوەندەی لەم بیریارە گەیشتووم, ئامانجی لەو ڕوانینە ئەوەبێ کە ئەم هۆیانە نەگۆڕانی گەورە دەخەنەوە و نەش مەسەلەکە خستنەوەی گۆڕانە نە بەمانا کلاسیکیەکەی وشەی گۆڕان و نەش ئامانج کۆڕانی جیهانە. ئەدی دەبێ مەسەلەکە چی بێ؟ گەر بگەڕێینەوە بۆلای هەرخۆی دەبینین ئەم بیریارە پێیوایە مەسەلەکە(هەروەك هەرتەقەکان لەسەردەمی خۆیان کردیان) بۆ ڕادیکالیزەکردنی جیهانە بەهۆی قووررڕبانیدانەوە. بەلام ئەوی سێستەم هەولی بۆ دەدا لەوی تیرۆریستەکان جیایە. سێستەم هەروەك دیارە هەولی ڕیالیزەی جیهان دەکا بەهۆی هێزەوە (بۆدریار,لا 10). ئەم جۆرە ڕوونکردنەوەیەش بۆ جیهان حەکیمیێ تری ئەم بیریارە پاریسیەیە لەم نووسینە کە شایانی ئاوڕدانەوەیە.
تیرۆریستەکان , یان ئەوانەی تیرۆر دەکەن بە ئامرازێ بۆ بەئاکامگەیاندنی ئەوی دەیانەوێ بیکەن تاکە شتێ کە شانازی پێوەدەکەن جەستەیانە. ئەمان کە جەستەی خۆیان دەکەن بە سوتەمەنی بۆ ئەوەی ئاکام بەدەستبهێنن لەوەکەوتوون پەنا بۆ شێوازی تر بەرن. بۆیە بۆدریار تیرۆریزمان بەو ڤایرۆسی کۆمپیوتەرە بۆدەشوبهێنێ کە لەگشت شوێنێ ئامادەیە. کێ لە ئێمە کۆمپیوتەرەکەی دووچاری ئەو ڤایرۆسە نەبوو کە لەژێر ناوی" "خۆشم دەوێی" " بەگشت شوێنێ بلاوبۆوەوە. ئەم تیرۆریستانە ئەو ڤاێرۆسەن کە هەمیشە و لەهەموولاێ هەن. ئەمانە هەن بۆئەوەی وەدووی گشت سێستەمێکی قۆرخکردن بکەون. ئەمەو بۆدریار تیرۆریستەکان هەمیشە وەك هەڕەشە بۆسەر سێستەم تەماشادەکا, یان بۆسەر ئەوەی پێیدەلێن جیهانی ڕۆژئاوا, واتە ئەو بوونیادە سیاسی و ئابوورییە گلوبالەی لەگشت شوێنێ ئامادەیە. ئەوەی لەم ڕوەشەوە جێی سەرنجە ئەوەیە بۆدریار خودی ئەم سێستەمە زۆر لاواز و بێکاریگەر لەم بەینەدا وێنەدەکا (بۆدریار,لا 11).
ئەمەی ڕووشدەدا لە ڕوانگەی بۆدریار زەنگی شارستانی یان ئاین نییە و تەنانەت لەودیو ئیسلام یان ئەمەریکاشەوە سەرهەلدەدا. ئەمەی ڕوودەدا ئەنتاگۆنیزمێ(دژەگەرایێ) ڕیشەییە. بەلام بۆدریار بەتەواوەتی ئەوە یەکلاناکاتەوە چەند ئیسلام و ئەمەریکا بەشداری لە بەرجەستکردنی دیاردەی تیرۆریزم دەکەن یان چەند کار بۆ چاندنی ئەو دژەگەراییە دەکەن. چونکە ڕووداوەکان کارێوایانکرد ئەمەریکا وەك هێماێ بۆ جیهانگیری و ئیسلامیش وەك هێماێ بۆ تیرۆریزم بەکاربرێ. بەلام ئەو هێمایانە پێویستی بە ڕوونکردنەوە و پێداچوونەوەی زۆرتر هەیە وەك لەوەی لەهەندێ نووسینی ڕۆژنامەگەریدا فەرامۆشکرا کە بۆدریار بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەنووسێ.
بۆدریار لەمیانەی باسەکەیدا باس لە جەنگی جیهانی دەکا بەلام ئەم جەنگە جیهانییە جەنگی جیهانی سێهەم نییە بەلکو جەنگی جیهانی چوارەمە. سەرەتا ئەم بیریارە باس لە دوو جەنگە جیهانیەکە دەکا و وەك دوو جەنگی کلاسیك تەماشایاندەکا. بەبۆچوونی بۆدریار جەنگی جیهانی یەکەم کۆتای بە هێزبالایی ئەوروپا و قۆناخی کۆلۆنیال هێنا. هەرچی جەنگی جیهانی دووەمە کۆتای بە نازیزم هێنا. کەچی ئەوی سێهەم بەپێی تێگەیشتنی ئەم ڕوناکبیرە فۆڕمی جەنگی ساردی لەخۆگرت و کۆتای بە کۆمۆنیزم هێنا. پاش ئەم هەموو جەنگانەش ئەوەبوو بەرەو سێستەمێ جیهانی تاك ملماننا.ئەم سێستەمە کە گلوبالە خۆی لەسەر هێزێ دژەگەرا بوونیادەنێ. لە کۆتایشدا ناوبراو دێتە سەر جەنگێ تر و ناوی دەنێ بە جەنگی جیهانی چوارەم و پێیشیوایە ئەم جەنگە لەشوێنێترە. ئەم ناونانەشی بۆئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدا بە جەنگی جیهانی چوارەم بەرەو ئەو تێڕامانەی بردووین کە باس لە هاتنەکایەوەی جەنگێ بەناوی " "جەنگی پۆست مۆدێرن" " بهێنینەپێشەوە. ئەم بیریارە نە ڕاستەوخۆ و نەش ناڕاستەخۆ ناخوازێ دانبەبوونی ئەم جۆرە جەنگە بهێنێ بەلام ئەوەمان بیردەخاتەوە کە ئەوەی لەنێوان تیرۆریزم و ڕۆژئاوا , یان پێمانوایە بلێین تیرۆریزم و جیهانگیری, ڕوودەدا جەنگی جیهانی چوارەمە. بەلام ئێمە ئەو جەنگی جیهانی چوارەمەی بۆدریار باسیلێوەدەکا کە لەگەل کەوتنی دوو تاوەرەکە لەدایکبوو بە جەنگێ پۆست مۆدرن ناودەنێین. ئەمەش لەمیانەی باسەکەدا پەیتاپەیتا دێینەوەسەری.

ئیسلام و تیرۆریزم لەڕوانگەی بۆدریار جیایە. چونکە ئیسلام گەر قۆرخی جیهاندەکا ئەوا تیرۆریزم دژبە ئیسلام نەشونمادەکا.وەکی تر تیرۆریزم, بەقەولی بۆدریار, نامورالیە (ناڕەوشتییە). ڕووداوی مەلبەندی بازرگانی جیهانییش نامورالیە و ئەوەش کە پێیدەووترێ مەلبەندی بازرگانی جیهانی کە بەرپرسی جیهانگیریە لەخودی خۆیدا ئەمەش بەخۆی نامورالییە. بەکورتی بۆ بۆدریار تیرۆریزم و جیهانگیری ناڕەوشتیین (بۆدریار,لا 12). بەلام بۆدریار ڕەنگە حەزکا خۆی نەختێ لەو ناڕەوشتیەبدا ئەمەش بەوەی کە دەیەوێ بێتە سەرباسێ کە دەکەوێتە ئەودیو باشە و خراپەوە. بەبۆچوونی بۆدریار بەهەلەتێگەیشتنێ سەبارەت بە پێوەندی نێوان باشە و خراپە لە بەشێ لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا و هەروەها لە بەشێ لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەئارادایە. چونکە ئەم بیریارە پۆست مۆدێرنە پێیوایە ئەوە باوەڕێ ساویلکانەیە کە پێمانوابێ گەشەی باشە, و بەرەوپێشەوەچوونی لەبواری زانست, تەکنەلۆژیا, دیموکراسی و مافی مرۆڤ, هاوشانە لەتەك تێکشکانی خراپە. بۆدریار ڕاشکاوانە ئەم لایەنە ڕووندەکاتەوە و پێیشیوایە کە بەوەناچێ کەس لەوەگەیشتووبێ کە باشە و خراپە بکارن وەك بەشێ لەیەك بزووتنەوە پێکەوە هەنگاوبنێن. سەرکەوتنی باشە یان خراپە ئەویتر(واتە باشە یان خراپە) پەردەپۆشناکا. بەقەولی بۆدریار بەواتا میتافیزیکیەکەی شەڕ وەك ڕووداوێ بەدبەخت دەردەکەوێ بەلام ئەمە ئاکسیۆمێ(بەدیهیاتێ) خەیالیە. چونکە باشە لە خراپەی ناباتەوە. باشە تەنیا بەهۆی هەلوەشانەوەی خۆی دەتوانێ خراپە تێپەڕێنێ. کەچی بەپێی بیری ترادیسیۆنبێ بەلانسێ هەمیشە لەنێوان باشە و خراپەدا هەبووە. بەلام ئەمە لەکاتی جەنگی ساردیشدا بۆدریار وتەنی بەردەوامبوو. واتە باشە و خراپە لەسەردەمی جەنگی سارد کە سێهەم جەنگی جیهانیە, بەباوەڕی ئەم فەیلەسوفە, یەکتریان نەبەزان بەلکو لەبڕی ئەوە بەلانسی تیرۆریان ڕاگرت. ئەمەش حیکمەتێتر لە حیکمەتەکانی ئەم بیرمەندە لەم نووسینە .

پاش ئەم تێڕامانە فەلسەفییە سیاسیانەیە لە جەنگی ساردی بۆدریار دەگەڕێتەوە سەر یەکێ لە قووتبەکانی جەنگی سەردەم بەلام بە ڕوونی مەغزای واتاکانی ڕووننا‌کاتەوە. بەلام دواتر پیێ لەجەرگی خۆی دەنێ و قسەلە ئیسلام وەك تەرەفێکی جەنگەکە دەکا. بۆدریار لەمیانەی قسەکانی ئیسلام بە ڤایرۆسێ دەشوبهێنێ کە لەگشت جێگایەکدا ئامادەیە. کەواتە گلوبالە. ئەم بەگلوبالبوونەی ئیسلامیش وەلامێکە بۆ گلوبالی ئەویتر. گەر ئیسلام ئاوا گلوبال بێ ئەدی سەرکەوتنی گلوبالی هێزی لیبرالی ,کە لەپاش داکەوتنی کۆمۆنیزم هاتەدی, ئایندەی چی دەبێ و چۆن دەتوانێ بەرامبەر بەم ڤایرۆسە خۆیڕاگرێ کاتێ ,بەباوەڕی ئێمە, خۆشی(واتە جیهانگیری) فایرۆسێ ترە. ئەمە وامانلێدەکا بیرکردنەوەکانی بۆدریار تێپەڕێنین و بلێین ئەو جەنگی جیهانیە چوارەمەی بۆدریار درکاندی ئەو جەنگەیە کە وا لەنێوان ئەو دوو تەرەفە گلوبالەدا خۆی پەنهانداوە. بەلام تیرۆریزم شەیتانانە شوێنی ئیسلامی گرتەوە, کەواتە ئیسلام کەوتە بەربەکاربردنەوە(ئیستغلالکرا). لەو یاریەش کە پێیدەلێن یاری ئەنتاگۆنیزم (دژەگەرایی) ئیسلام مانای بۆ دژەگەرایی (ئەنتاگۆنیزم) دۆزیوە. ئەم دژەگەرایەش, بەباوەڕی بۆدریار ,لەهەموو شوێنێ دا و تەنانەت لەناو گشت یەکێ لەئێمەشدا ئامادەیە. ئەمەش بە تیرۆر دژبە تیرۆر ناودەبا کە بەخۆی تیرۆرێ ناجۆرە.

هەر ئەم تیرۆرە بۆ بۆدریار مانایێ تری هەیە کە بۆ گەلێ لە ئێمە ڕەنگە ئەو مانایەی نەبێ. چونکە بۆدریار جەغت لەوەدەکا تیرۆریستەکان هاتوون تا بەمەرگی خۆیان , بە بەخۆ کوشتنی حۆیان گۆڕانێ نخەنەوە.واتە چەکی تیرۆریستەکان مەرگیانە نەك شتێتر. ئەم چەکەش کە لای ئەویتر , واتە لای ئەوی کە تیرۆریستەکان دژایەتیدەکەن ,کە بۆدریار بە سێستەم ناویدەبا, بوونی نییە بەلام بە تەکنەلۆژیاێ سەربازی بالا بەلەجیاتیکراوە. هەرچی بۆدریارە ئەمە تەماشاکردنی نییە چونکە بیریاری ناوبراو بە دلنیایەوە پێماندەلێ کە مەرگ لای سێستەم لە پلەی سفردایە (بۆدریار, لا 16). ئەم ڕوونکردنەوەی بۆدریار مانای ئەوەیە کە ئەم جۆرە مەرگە ئەو شێوە مەرگەیە کە تەنیا لای تیرۆریستەکان دەستدەکەوێ. ئەم شێوە مەرگە بەکورتی مەرگێ هێمای و خۆکوژییە (ئینتحارییە) پتر لەوەی کە مەرگێ فیعلی بێ. ئەمەشە بەقەولی ئەم ڕۆحی " "یان گیانی" " تیرۆریزم(بۆردیار,لا 17). بەم فەلسەفەکردنەش بەسەر مەرگەوە دەکەوینە ناو لایەنێ تر لە حەکیمیەکانی بۆدریار.

ئەم هێرشە لەلایەن سێستەمەوە کە هەمیشە وێنەدەکرێ و بناغەێ ڕیالی بۆدەدەۆزرێتەوە لەڕەچەلەکدا مەرگێ هێماییە بەلام ئەمە بۆچوونی سێستەم نییە.چونکە سێستەم ئاوا تەماشای نە مەرگ دەکا و نەش زەبووزەنگی تیرۆریستەکان بۆ ئەم (واتە سێستەم) ئەو مانا هێماییەی هەیە کە بۆ ئەویتر (واتە تیرۆریستەکان) هەیەتی. ئەوەی ئەوان , واتە تیرۆریستەکان, پێشکەشی دەکەن مەرگێ هماییە کە سێستەم بەهۆی ئەو هێزە دیارەی هەیەتی ناتوانێ پێشکەشیکا. چونکە نیەتی. ئەم تیرۆریستانە کە مەرگیان دەخەنە ناو یارییەوە بەمە مەسەلەی یاریەکەش سەرلەبەر دەگۆڕن.

تیرۆریستەکان گشت ژیانی هیچی ڕۆژانەی ئەمەریکایەکانیان بەکاربردوە. لەگەلیان چوونەتە قووتابخانە و لەگەلیان خەوتوون و ..هتد. بەکورتی ئەم تیرۆریستانە گشت فۆڕمەکانی ژیانی ئەمەریکایەکانیان بەکاربردووە, بەلام لەژێرەوە و بەخشکەی خۆیان بۆ شتی تر ئامادەکردووە. بۆئەوە ئەو کارە تیرۆریستیەشیان ئەنجامبدەن هەولیانداوە گشت شیاویەکانی سێستەم بەکاربەرن. بەواتاێ تر, بۆئەوەی ئەو چرکە خۆ کوژییە هێماییە

بەرهەمبهێنن ,کە پاشان گشت شتێکی سەرلەبەرگۆڕی, کەوتنە بەکارهێنانی گشت توانا تازەکانی شارستانی ڕۆژئاوا. تیرۆریستەکان کە خاوەنی هێزێ هێماین پشت بە جەستەی خۆیان دەبەستن بەرامبەر بە هێزی سێستەم کە هێزێ ڕیالە(فیعلییە) (بۆدریار,لا 21-20).لێرەدا بۆدریار دەرگا لە ڕووی حەکیمیێتری خۆی دەکاتەوە کە تاڕادەێ ماهیەتی نووسینەکەشی تیا چڕدەکاتەوە.

سەرباری ئەوی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا دەکرێ ئەوەش باسکرێ کە , هەر ئەم هێزە هێماییە مەرگێ هێمایش دروستدەکا کە سێستەم بەمجۆرە مەرگە ئاشنا نییە. ئەم جۆرە مەرگە بۆدریار دەیکا بە بەرهەمێ کە تەنیا لای تیرۆریستەکان دەستدەکەوێ. چونکە مەرگ لای سێستەم ستراتیژێ تری هەیە کە ئەوەش لە پلەی سفری مەرگدایە. ئەم جۆرە مەرگەش ستراتیژی جەنگێ تەکنەلۆژی پووختە. بۆیە ئینتحاری تیرۆریستەکان لەدیدی بۆدریار ئینتحارێ کۆلێکتیڤە(دەستەجەمعییە) نەك ئیندڤیدوال(تاکگەڕا) .هەر سەبارەت بە تیرۆریزمی ئینتحاری ئەم بیریارە ئەوەش دەڵێ کە, تیرۆریزمی ئینتحاری تیرۆریزمی هەژار بوو. ئەمە تیرۆریزمی دەولەمەندە. ئەم تبرۆریزمە ئەو تیرۆریزمەیە کە دەمانترسێنێ. ڕەنگە ئەمەش هۆیەکەی ئەوەبێ کە ئەم تیرۆریستانە گشت پێویستیە گرنگەکانیان لەبەردەستدایە. بۆدریار هەولی ئەوەشدەدا کە کردەی تیرۆریستەکان نخاتە بەرگومانەوە بۆیە لەوبارەیەوە هەندێ ئارگومێنت (بەلگە) بەرباسدەحا:

بۆ بۆدریار ئەو پرسیارەی کە زۆر مانادارە ئەوەیە کە ئێمە تیرۆریستەکان دەکرێ بەچی ناونێین؟ ئایا دەشێ ناوی شەهید یان ئینتحاریان لێنێین؟ چونکە شەهیدبوون هیچ نیشاننادا و شتێ ئەوتۆشی لەگەل ڕاستی دا نییە. لێرەدا ئەم بیریارە فەڕەنسیە بە ئاماژەکردن بە قسەێکی نیچە لەم ڕووەوە ئەوە دەستنیشاندەکا کە شەهیدبوون دوژمنی پلەیەکی ڕاستیە (بۆدریار,لا 23). ئەمەو بۆدریار باسلەوەشدەکا کە مەرگی ئەوانە(واتە تیرۆریستەکان) شتێ ئەوتۆ نیشاننادا بەلام لەناو سێستەمدا کاتێ کە ڕاستی شتێ بیرلێنەکراو بێ شتێ ئەوتۆ بوونی نییە کە شایانی نیشاندانبێ. لەمڕووەشەوە بۆدریار جەخت لەوەدەکا گەر شەهیدبوونی خۆبەخۆی بۆمباکەرانی خۆکوژی هیچ شتێ نیشاننەدا ئەوا شەهیدبوونی ناخۆبەخۆی قووربانیەکانی هێرشە تیرۆریستیەکەش هیچ شتێ ئەوتۆ نیشاننادا. هەر لەو بارەیەوە بۆدریار دێتە سەر ئارگومێنتێ تر بەلام بەمانایێ خراپ: لەم بارەیەشەوە دێتەسەر ئەوەی کە ئەم تیرۆریستانە مەرگی خۆیان گۆڕی بۆ شوێنی لە بەهەشت. ئەم کردەیەی تیرۆریستەکان بێبایەخ نەبوو. ئەو کردەیە بێ بایەخ دەبوو کاتێ تیرۆریستەکان باوەڕیان بە خوا نەبایە و هەروەها کاتێ کە هیواشیان لە مەرگ نەدیبایەتەوە (بۆدریار,لا 24).

لەڕاستیدا بۆدریار جگەلە جەنگ شتێ تر نابینێتەوە. ئەو شێوە جەنگەش ئەو بیریاری بەسەرەوە دەکا ناچارمانیکرد بە جەنگێ پۆست مۆدێرنی ناونێین. چونکە تەقانەوەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەستپێکردنێ پۆست مۆدێرنانەی هەبوو. لەوانە تێکشکانی هێما و گەڕانەوە بۆ جەغتکردن لە مەرگ. ئەو باسە زۆرەش کە لەئارادابوو هەموو ئاماژەیان بۆئەوەدەکرد جەنگێ بەڕێوەیە. ئێستاش باسێ زۆر لەئارادایە لەبارەی بیۆ- تیرۆریزم ,جەنگی باکتریۆلۆژی یان تیرۆریزمی ئەتۆمی ئەمانە بۆ بۆدریار نیشانەن لەسەر بەڕێوەبوونی جەنگ. بەلام بۆدریار لەلایتریشەوە کردەی تیرۆریستەکان بە دواچارەسەر دەبینێ بەدەستیانەوە و ئەوەش بە هەلەدەزانێ کە ڕەفتاری تیرۆریستەکان وەك لۆژیکێکی وێرانسازی پووخت تەماشاکرێ. بەلام مەرگ کە شتێ هێماییە لەناو پرۆسەی ئەم ڕەفتارە تیرۆریستیە پشتێ زۆری پێدەبەسترێ ,کە زۆرجار بۆدریار بەخۆی دێتەوەسەری (واتە سەر مەرگ) . ئەو کردە تیرۆریستیەش گەر پالپشتی ئەو جۆرە مەرگە نەبایە نەیدەتوانی ئەو مانا هێماییە لەپاش خۆی نخاتەوە. مەسەلەی کردەی تیرۆریستەکان هەر ئەمە نییە.بەلکو ئەوەشە کە جگەلەوەی تیرۆریستەکان هەموو پەیمانێ بەیەکیانەوە دەبەستێ پەیمانێ دوانەییش تیرۆریستەکان بە بەرهەلستکارەکانیانەوە دەبەستێتەوە (بۆدریار,لا 26). بە بۆچوونی بۆدریار ئەمەی تیرۆریستەکان دەیکەن هەر ئەوەیە کە ئەمەریکایەکان لە شەڕی کەنداو و ئەفغانستان کردیان. ئەمە دەشێ وەك تیرۆر دژ بە تیرۆر ناونرێ.

کاتێ بۆدریار دێتەسەر ڕووداوەکەی نیویۆرك ئاماژە بۆئەوەش دەکا کە ڕووداوی ناوبراو ڕادیکالیزمی دۆزی جیهانی کرد. هەر ئەم ڕووداوە بەپێی تێگەیشتنی ئەم بیریارە ڕادیکالیزمی پێوەندی نێوان وێنە و ڕیالیتێیشی کرد. بەوتایێ تر کردە تیرۆریستیەکەی نیویۆرك پێکەوە وێنەو ڕووداوی سەرلەنوێ ژیانەوە. ئەوەی تیرۆریستەکان لەمڕووەوەکردیان بەکاربردنی کاتی فیعلی(ڕیال) و وێنە بوو. ئەمان ئەمەشیان کرد تاهێرشەکەیان بکەنە سەر سێستەم. سێستەمیش کە خاوەنی چەکێ زۆربوو بەشێکی کەوتەدەست تیرۆریستەکان. بەکاربردنی ئالوگۆڕی بازاڕی بۆرسە و زانیاری ئەلەکترۆنی و هاتوچۆی هەوایی لەو ئامرازانە یان چەکانەبوون کە تیرۆریستەکان هەر لەسەرەتاوە خۆیان بۆ بەکاربردنی تەرخانکرد.وەکیتر شیاوە بلێین ئامرازەکانی چاخی زانیاری هەر بەدەست سێستەمەوە نییە بەلکو هێندێکی کەوتە بەربەکاربردن لەلایەن تیرۆریستەکانیشەوە. ئەمەش تاڕادەێ لووتبەرزی بۆ تیرۆریستەکان دروستکرد کە بە خودی ئامرازی سیستەم کەوتنە یاریکردن لەگەل سیستەم.

ئەوەی بۆدریار گرنگیدەداتێ سەبارەت بە ڕووداوەکەی شاری نیویۆرك(واتە داڕمانی دوو تاوەرەکە) ئەوەیە کە داڕمانی ئەم دوو تاوەرە ناخەیالئامێزە. بەلام هەر خۆشی جەخت لەوەدەکا کە ئەوە بەس نییە بۆئەوەی ئەوە بکرێ

بە ڕووداوێ فیعلی. چونکە ,بەبۆچوونی بۆدریار, تێپەڕاندنی زەبرووزەنگ بەس نییە بۆ دەرگاخستنەسەرپشت لەسەر ڕیالیتیّ(فیعلیەت, واقعیەت). بەلام کێشەکە لەوەدایە کە ڕیالیتێ وونە. لەمڕوەوە بۆدریار ئەیەوێ گرنگی بەبوونی زەبروزەنگی هێمایی بدا نەك زەبرووزەنگی ڕیالیی. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم فەیلەسوفە تەنیا زەبرووزەنگی هێمایی بە زەبرووزەنگێ دەگمەن دەزانێ. ئەم ڕووداوەی مانهاتانیش بەوە لەقەلەم دەدا کە دوو ئامرازی سەدەی بیستی یەکخست: سیحری سپی سینەما و سیحری ڕەشی تیرۆریزم (بۆدریار, لا 30–29). نەك هەر ئەم لایەنە بۆ بۆدریار سەرنجڕاکێشە بەلکو ئەوەش کە تیرۆریزم بەبێ مێدیا بوونی نیە. لەوە سەیرتر ئەم بیریارە پێلەسەر ئەوەش دادەگرێ کە بەکاربردنی باشی مێدیاش هەر بوونی نییە. مێدیا بەباوەڕی ئەو کە بەشێ بوو لە ڕووداوەکە بەشێ بوو لە تیرۆریش(بۆدریار, لا31). ئەم بۆچوونەی بۆدریار بۆ مێدیا وامانلێدەکا هەمدیس خۆمان لەناو حەکیمیەکی دیدا ببینینەوە. تیرۆریستەکان کە دوژمنی سەرسەختی مێدیای ڕۆژئاوان, یان جیهانگیرین, تائەوپەڕی کەلکیان لەم مێدیایە وەرگرت. ئەم مێدیا گلوبالە نەبایە ئەمان خەونەکانیان ,وەك ئەوەی ئەمڕۆ بوونە بە هێما , تەنیا لە گەڕەکی مانهاتان قەتیسدەبوو و یان تەنیا لە خەیالی خۆیانا پەنگیدەخواردەوە. ئەمان لەمڕوەوە قەرزاری جیهانگیرین. ئەمەش بەلگەێ ترە لەسەر خولانەوەی جەنگێ لەناومان بەناوی ""جەنگی پۆست مۆدێرن"".چونکە جەنگی پۆست مۆدێرن بەرهەمی مێدیایە یان گشت هێزێکی لەو مێدیا هەرزانەوە وەردەگرێ کە پاشان زۆرترین نرخی بۆ دابیندەکا. ئەمەش لەبەرئەوەی بازاڕی ڕووداوەکان تەنیا لەناو مێدیا دا, ئەو مێدیایە جیهانگیری دەیژێ, ئامادەیە. بەبۆچوونی ئێمەش جیاوازی ئەم جەنگە پۆست مۆدێرنە لەگەل جەنگەکانی تر, یاخود ڕاستر بووترێ لەگەل جەنگەکانی مۆدێرنە ئەوەیە کە بێ مێدیا سەریاننایەوە. جەنگێکیش لە مێدیاوە توانا وەرگرێ لەوە زیاتر بەرهەمناهێنێ کە جەنگی دژە تیرۆر بەرهەمی هێنا.

تیرۆریزم کە کەس نازانێ لە کوێ دەوەستێ چەندین نازناوی تری لەخۆگرتوە وەك تیرۆریزمی ئینتەرنێت, تیرۆریزمی بایۆلۆژی و تیرۆریزمی ئەنتراکس هەمووش دەدرێتەپال بن لادین. واتە بن لادین بووە بە هێمای بۆ گشت ئەم جۆرانەی تیرۆریزم. ئەم تیرۆریزمەی لەئارادایە دۆزێ ناهەمواری دروستکردووە کە دەرمانێ دیاریکراویش نییە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆزە ناهەموارەش جەنگ چارەسەر نییە. بەلام تیرۆریزم هەولدرا بە گەلێ شێوە لەوانە شەپۆلێ لە هێزی سەربازی, زانیاریێ درۆ, بۆمبابارانکردنێ بێمانا, زمانێ حەماسی و پەخشکردنێ تەکنەلۆژی و شتنەوەی دەماغ وەلامبدرێتەوە. بەلام هەموو ئەوانەش پێناچێ بچنە خانەی ئەوەوەی کە بۆدریار بیەوێ دانبەوەدا بنێ کە ئەوەی ڕوویدا جەنگە. ئالێرەدا زۆرترین سەختی لەبیری فەلسەفەی سیاسی بۆدریار خۆی بەیاندەکا. ئەم بەڕێزە پێشتریش ئەمەی کردووە ئەلبەتە کاتێ کە کتێبی "" جەنگی کەنداو شوێنی بەخۆی نەگرت"" ی نووسی. مەبەستم پێشتر بۆدریار ئەمەی کردووە ئەوەش کاتێ کە ئەو جەنگی کەنداوەی لە 1991 دا ڕوویدا کە بەخۆی جەنگێ بوو لەنێوان ئەمەریکا و عێراق لەسەر ڕزگارکردنی کوێت بۆدریار وایبۆچوو کە جەنگی کەنداو بۆ ئەو شوێنی بەخۆنەگرت و ڕووداوێ دیاریکراو لەئاکامی ئەو جەنگە بوونی نەبوو (بۆدریار, لا 34). بۆدریار لەم ڕوەشەوە زۆر بەکوورتی دەدوێ و دەلێ : جەنگ کاتێ شوێن بەخۆ دەگرێ کە سیاسەت ئامادە نییە. کەواتە مادامەکی سیاسەت بوونی هەیە جەنگ سەرگەردان و بێ شوێن دەمێنێتەوە. ئەم بیریارە ڕاستە باوەڕی بە جەنگ نییە کە ئەمە بە باوەڕی ئێمە لوتکەی بیریارگەریی بۆدریارە بەلام لەمیانەی باسەکەیدا بۆئەوەدەچێ کە ئاماژەکان هەموو باس لەوەدەکەن کە جەنگ بەڕێوەیە. ئەوەبوو ئەو جەنگە ڕوویدا بەلام ""ئەو"" ئەوەی وەك جەنگ ڕوویدا بە جەنگ نازانێ. ئەوەش کە باوەڕی بە جەنگ نییە هۆیە پرنسیپیەکەی ئەوەیە کە لەبڕی ئەوە داوای سیاسەتکردن دەکا. ئەمەش ڕاستە. چونکە کاتێ سیاسەتکردن هەبێ جەنگ دەبێ چی بێ لەو بەینەدا. ڕاستە بۆدریار وەك بیرمەندێ مەزن لەم ڕوەوە ڕەفتاردەکا و دەیەوێ ئامادەبوونی جەنگ بە وونبونی سیاسەتکردنەوە گرێدا بەلام ئەوە مانای ئەوە نیە کە جەنگێ لەئارادانییە. چونکە شێوەی پێکدادان و بەرانگەبوونەوەکان نیشانەن لەسەر ئامادەبوونی جەنگێ کە بمانەوێ و نەمانەوێ خۆی لە جەنگە کلاسیکەکانی مێژوو جیادەکاتەوە. ئێمەش بەپێی توانامان لەمیانەی باسەکەماندا لەلاێ باس لە بوونی ئەم جەنگە دەکەین و لەلایتریش کار بۆ ڕیسواکردنی گشت ئەو هێزانە دەکەین کە بەشداری لە گیرسانی ئەم جەنگە پۆست دەروونیە دەکەن. دەنگیشمان هەمیشە دەخەینە پال ئەم بیرمەندە فەڕەنسیەوە و ئامادەبوونی ئەم جەنگە دەگەڕێنینەوە بۆ وونبوونی کردەی سیاسی و بێفیڕۆی لەمەبەدوای ئاگایی سیاسی مرۆڤی هاوچەرخ.

## تیرۆریزم وەك پەیامێ بۆ ڕەتکردنەوەی شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی

ئەم ناونیشانەی بۆ ئەم پەڕەگرافەمان هەلبژاردووە وەلامێ ڕاستەخۆیە بۆ هۆی ئامادەبوونی ڕۆحی تیرۆریزم. ئەم ڕۆحە پیسەی بەناوی ڕۆحی تیرۆریزم لەناومانا دەخولێتەوە تابلێی بێ جوگرافیایە و پەتائاساش بەگشت شوێنێکدا بلاوبۆتەوە. ئەمەو سێمانتیکی (ماناناسی) ئەو ناونیشانەش کە ئێمە بۆ ئەم پەڕەگرافەمان هەلبژاردووە دیسانەوە ئارگومێنتێ (بەلگە) گەورە لەسەر چۆنیەتی دروستبوون و بەردەوامبوونی دیاردەی تیرۆریزم و هەروەها ئامادە

بوونیشی لێرەو و لەویَ بەو ناوەڕۆکە بەدەستەوەدەدا. لەژێرسایەی ئەم ناونیشانەشدا لەلایَ کۆششدەکەین بۆ تیۆریزەکردن بەسەر تیرۆریزمەوە, وەك ئەو شێوەیەی ئەمڕۆ بەربلاوە و خۆی بەیانکردووە, و لەلایَ تریش ئەو بیر و ڕوانینانە بەرتێخوێندنەوە دەخەین کە بیریاری پۆست مۆدێرنی فەڕەنسی بۆدریار لەدووتۆی باسەکەیدا(تێکستی ڕۆحی تیرۆریزم) بەردەستی خستووین.

بەواتایَ تر, لە بەرسایەی ئەم پەڕەگرافە(بڕگە, فەقەڕە) دا دەمانەویَ ڕوانینەکانی بۆدریار شیتەلکەین و سەرلەنویَ وانەکانی سەبارەت بە ڕووداوە تیرۆریستیەکانی ڕۆژی 11ی 9 بوونیاد نێینەوە. ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەوە کاریَ سانا نییە و بەرپرسیاریَ ویژدانی و ئیتیکیشە (ڕەوشتیشە) بەلام شێوەی کارکردنەکەمان داوامانلێدەکا باز بەسەر ڕوانین و ڕاڤەکردنەکانی ئەم بیریارە پاریسیە نەدەین و ناهەقیش بەرامبەر بەو ڕووداوانە نەکەین کە ڕۆژی سیَ شەممە ی 11 ی 9 لە ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا ڕوویدا. چونکە ڕووداوەکانی مانهاتان و پنتاگۆن زۆرجار بوونە بە مایەی خستنەوەی دووبەرەکایەتی و ناحەزیَ ڕەها جا ئەوە لە ئەمەریکا بیَ یان لە ولاتانی ڕۆژئاوا یاخود ئەو ولاتانەی بە ناوچەی بەرهەمهێنانی تیرۆریزم ناوزەددەکرێن. بۆیە بەشیَ لە ئامانجی ڕاشکاوی ئێمە لەم پەڕەگرافە ئەوەیە کە ڕوو و سیمای تر بە توێژینەوەکەی بۆدریار بدەین و لەئاکامی ئەوانەش کار بۆ ئەوەبکەین دووریێ تر بە گۆشەنیگا و ڕاڤەکردنەکەمان بدەین. ئەمەش دەکەین بۆئەوەی نەك هەر تێکستە سەرەکیەکە مانادارترکەین بەلکو ئێمە دەمانەویَ ڕونکردنەوە لەسەر ""ڕوونکردنەوە""ش بدەین و بەهۆیشیەوە ڕێگا لەبەردەم هەندیَ تێگەیشتنی فەلسەفی و فکری بەجورئەتتر و خۆمالیتر بکەینەوە.

سەربارى ئەوی سەرەوە ئەوەش دەلێین, بەبیَ هیچ گومانیَ سەروتاری""ڕۆحی تیرۆریزم"", کە یەکێکە لەو سەروتارانەی کە نێوبانگیَ نێودەولەتی هەیە, لەگەل بلاوبوونەوەی دێباتیَ(گفتووگۆ) زۆری لەبارەوەکرا و بوو بە سەرچاوەێکیش بۆ گەلیَ لە ڕوناکبیران و ڕەخنەگران. ئەم سەروتارە کە لەلایەن بیریاریَ نێودەولەتی و لە ڕۆژنامەیَ گلوبالدا بلاوکراوەتەوە و بە ڕووداویَ نێودەولەتیەوە تایبەتە ,کە ئەوەش تیرۆریزمە, هەموو ئەمانە مانای خۆیانیان هەیە. بۆیە دوان لەسەر ویستی ئەم بیریارە لەم سەروتارە و ئامانجی لەو ڕوونکردنەوەیەی بەردەستمانی خستووە و, هەروەها مەزنی ڕووداوەکەش وامانلێدەکا کە ئێمە لەلایَ بیری ئەم بیریارە لەدووتۆی ئەم نووسینە ڕاڤەکەین و لەلاێتر خودی ڕووداوەکەش بخەینە بەر شیکردنەوە و, هەروەها لەهەمانکاتیشدا لەچوارچێوەی خوێندنەوەکەمان بەدووی ئەوەدا بگەڕێین کە شیاویَ لەبەردەم دادوەری بەسەر ئەو لایەنانەوە بکەینەوە کە شایانی ئاوڕدانەوەن.

ئەمە و لەبەر سایەی ئەم باسەدا دەمانەویَ پێداچوونەوەیَ بۆ تێگەیشتنە سیاسی و فەلسەفیەکانی بیریاری پۆست مۆدێرنی فەڕەنسی ژان بۆدریار بەرباسخەین. بۆئەوەی ئەمەش بکەین بەپێویستی دەزانین ئەو لایەنانە بخەینە بەر گفتووگۆ کە لەباسەکەی بۆدریاردا لەڕووی بیریاری و فکریەوە بایەخیان هەیە و, هەروەها ئەم ڕونکردنەوە و تێخوێندنەوەیەی ئێمەش بەجۆریَ تر هاندەرێکە بۆ بەشداریکردن لە هێنانەکایەوەی شێوەکارکردنیَ فەلسەفی سەبارەت بەڕووداوی تیرۆریزم و یان ئەوی لە مانهاتان لە نیویۆرك ڕوویدا. چونکە بەمە ئێمە لەلایَ لەو نووسینە ڕۆژنامەگەریانە دووردەکەوینەوە کە سەرلاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تەنیوەتەوە و لەلایَ دیش دەرگا لە کردەی فەلسەفی بەشیَ لەو بیریارارە ڕۆژئاوایانەش دەکەینەوە(نەك هەر لەم باسە) کە لە بەرهەمهێنانی ڕاڤەکردنیَ جیا سەبارەت بەم دیاردەیە کاریانکردووە. تێگەیشتنەکانی ئێمە لەبارەی ڕوانین و تەماشاکردنەکانی بۆدریار لەسەر بناغەیَ فەلسەفی خۆی بوونیاددەنیَ کە لایەنە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکان بەجۆریَ بەرباسدەخرێن کە نەکارن هیچ دەرگایَ لە جیهانبینی پڕاگماتی و دەمارگیرانە بکەنەوە. بۆ ئێمە بۆدریار ئەو بیریارەیە کە بمانەویَ و نەمانەویَ لە دونیای ڕاڤەکردن و نووسینی فەلسەفی(بەتایبەت فەلسەفەی سیاسی) هەنگاوی چاکی ناوە و خاوەنی گۆڕەپانیَ فکری و بیریاری خۆشیەتی. ئەم بیریارە کە پێشتر تیۆریزە و بیریاری بەسەر هەندیَ کێشە و ڕوداوی ترەوە کردوە تێگەیشتنە فەلسەفییە سیاسیەکانی بۆ ئێمە بەهای خۆی هەیە. لەلایَ تریش بەخۆی ئەم بیریارە وورییایە لەوەی هێماکانی سەردەم بەچاکی بخوێنێتەوە و پشکنین لە مانا و ناوەڕۆکیان بکا. ئەوەشمان ناشیَ لەبیرچووبیَ کە بۆدریار سالانیَ بە نووسین لەسەر کۆمەلگەی شت و بە هێمابوونی شتەوە سەرقالبوو. بۆیە ئەوی پێشتر بۆدریاری خوێندبێتەوە ئەوەی بۆدەرکەوتووە کە ئەم فەیلەسوفە لە کتێبەکانی""ئاوێنەی بەرهەم"" و "" فۆکۆ لەبیرکە""وە لە سالانی 1970 بۆ کتێبی "" ئەمەریکا"" لە 1986 و "" جەنگی کەنداو شوێنی بەخۆ نەگرت"" لە 1991 ئاڕاستەیَ ڕەخنەیی تووندی وەرگرتووە و شێوەی بیرکردنەوەی خۆی پتر ئاڕاستەی چۆنیەتی تێکشکاندنی نێوەندیەتی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری و کولتووری ڕۆژئاوا کردووە و , لەپاش ئەم سالانەشەوە ئەم بیریارە بەزۆری کەوتۆتە ڕەخنەگرتن لە سێستەمە ئابووری و ئایدیۆلۆژیەکان و پووچکردنی جەوهەری دیموکراسیەت و پەیامە هیۆمانیەکانی سێستەمی ماف و سیاسەتی جیهانی ئەمڕۆ.

بەواتایَ فڕاوانتر, ئەم بیریارە هەر ئەو بیریارەیە کە لە سالی 1986دا کتێبێکی بەناوی ""ئەمەریکا"" نووسی کە ئەوکات زۆربەی چاپخانەکان لە ئەمەریکا ئامادەنەبوون ئەم کتێبە چاپکەن و دەرگایان بە ڕووی ئەم بیریارە داخست. پاش چەند سالیَ تر و لە سالی 1991 دا کتبێکی زۆر سیاسیانەی تری بەناوی "" شەڕی کەنداو شوێنی

بەخۆی نەگرت"" نووسی . ئەم کتێبەش لەبنەڕەتدا لەبارەی شەڕی کەنداوی 1991 بوو , کە لەنێوان ئەمەریکا و عێراقدا ڕوویدا. ئەوکاتە بۆدریار بۆچوونهایەکی زۆر سەیری لەبارەی ئەو شەڕەوە بەردەست خوێنەرانی خۆی لە جیهانا خست. بۆ ئەم بیریارە ئەوی ڕوویدا لە 1991 لەنێوان عێراق و ئەمەریکا جەنگ نەبوو بەقەد ئەوەی کە لە بنەڕەتدا جەنگی سەرشاشە بوو یان بەقەولی خۆی جەنگی کەنداو ئەو جەنگەیە کە هەرگیز شوێنی بەخۆی نەگرت. واتە ئەوەی ڕوویدا نە جەنگ بوو نەش وەك جەنگ شوێنی بۆ خۆی دۆزیوە. لەو دوو کتێبەدا بۆدریار بەئاشکرا دژایەتی حاکمیەتی سیاسی و ئابووری کولتووری ئەمەریکا دەکا. بەلام ئەم بیریارە لە کارەکانی تریدا جا ئەوانەی پێش یان پاش ئەو دوو بەرهەمە نووسیویەتی هەمیشە ئامانج و ویستی فکری سیاسی و فەلسەفی خۆی بەجۆرێ داڕشتووە کە ڕەخنە ئاڕاستەی سێستەمی سیاسی و ئابووری و کولتووری ڕۆژئاوا بکا و ئەو نهێنیانەش بەرچاوخا کە ئەم سێستەمە خۆی لەسەر بوونیادناوە. بۆیە لە ""سێستەمی ئوبژێکتەکان"" و "" سیمولەیشن"" و "" دووبارە بەرهەمهێنان"" و ""ئاوێنەی بەرهەم"" و "" ئابووری سیاسی نیشانە"" هوە بگرە تادەکاتە "" ئیغراکردن"" و "" تاوانی پێرفێکت"" و ""ستراتیژی قەدەر"" و "" گۆڕانی هێمایی"" و "" کۆمەلگەی بەرخۆری"" لەم دوایەش "" ڕۆحی تیرۆریزم"" و "" پاوەر ئینڤێرنۆ"" هەمووی لە خزمەتی یەك شێوە لە ڕاڤەکردنن کە ئەوەش ڕەخنەگرتنە لە سێستەم و دەسەلات و لەو ڕێگایانەی بۆ بەشتکردنی مرۆڤ و تێکدانی بوونی بوونەوەری تازە دەگیرێتەبەر. ئەم سەرەتایەش کە لەسەرەوە بەردەستمانخست وامانلێدەکا بلێین بۆدریار دەمێکە بە ڕوونکردنەوەی بەها ڕەوشتیەکانەوە سەرقالە و لەزۆربەی کارەکانیشیدا وەدووی ئەو هۆکارانەدا وێلە کە شیاوی لەبەردەم تێکچوونی ئەم بەهایانەدا دروستکردووە و ڕۆلیشی لە شێوانی بوونی بوونەوەر و نەمانی مانایەك بۆ ڕاستی و بەتایبەت ڕاستی بوونمان دیووە. ئەم بیریارە هیچگەرایەش کاتێ ئەم هەوەسە فکریانە کەوتەسەری کە مالئاوای لە تێگەیشتنی مارکسیانە بۆ جیهان کرد.

سەرباری ئەوی لەسەرەوە سەبارەت بە بیری ئەم ڕوناکبیرە فەڕەنسیە ووتمان گرنگە ئاماژە بەوەبکەین کە, ئەوەی دیقەتی تێگەیشتنەکانی ئەم بیریارە پاریسیە لە دووتۆی سەرووتارەکەی بدا لەوەدەگا کە بۆدریار کاریێ زۆری بۆ ئەوەکردووە پێوەندیێ لەنێوان ڕووداوەکانی 11 ی سێپتەمبەری(کە بە نایـن ئێلەڤن ناوزەددەکرێ) و تەوژمی جیهانگیریدا درووستکا. ئەم تێگەیشتنە لەخۆڕا لای ئەم بیریارە دروستنەبووە و لەهەمانکاتیشدا بیرۆکەکانی ئەو تێگەیشتنەش نوێ نییە و لە مێتۆدی ڕاڤەکردنەکانی ئەم بیریارەشەوە دوور نییە. مەگەر بۆدریار نەبوو کە بەپشتبەستن بە ڕوانینەهیچگەرا و گومانایەکانی سالانێ لەمەوبەر کەوتە شیکردنەوەی پرۆژەی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا, ئەو پرۆژەیەی نهێنی هەیبەتی فکری و سیاسی و زانستی شارستانی ڕۆژئاوای لەخۆگرتووە. ئەو بنەما فکریەی لەم سەروتارە نێودەولەتیدا پالپشتی تەماشاکردنەکانی ئەم بیریارەیە سەرچاوە لەو ژینگە ڕەخنەیەوە هەلدەگرێ کە ناوبراو یەکێکە لە ئەندازیارانی. لێرەدا مەبەستمان ژینگەی ڕەخنەگرتنە لە شارستانی ڕۆژئاوا و پووچەلکردنی پرۆسەی جیهانگیری کە بەرهەمی وتاری مۆدێرنەی ئەو شارستانیەتەیە.

لەم سەروتارەدا, واتە ""ڕۆحی تیرۆریزم"", بەتەواوەتی دەرك بەو فەلسەفە سیاسیە دەکرێ کە ئەم بیریارە سەبارەت بە شارستانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەتایبەتی هێناویەتەکایەوە. ئەگەرچی لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆئەوەکرد کە ئەمە بۆ دونیای بیرکردنەوەی بۆدریار شتێ نوێ نیە بەلام ئاڕاستەی ئابووری و سیاسی و زانستی تەکنیکی نوێی ڕۆژئاوا لەلایێ و ئەمەریکاش لەلایێتر مانایێ زۆری بۆ دروستبوونی فەلسەفێ سیاسی تایبەت بە ڕۆژئاوا و ئەمەریکا نەك تەنیا لای بۆدریار بەلکو لای گەلێ لە بیریارانی تریش هەیە. لە هەفتاکان و دواتر لە هەشتاکانا کە ئەوکات جارێ نە ڕۆژئاوا و نەش ئەمەریکا ئەوەندە ببووە شوێنی قەڕالستانی بەرهەمهێنانی بڕیاری سیاسی و کۆبوونەوەی جەمسەرەکانی تەکنیکی نوێ و کەلەکەبوونی پارە ئەم بیریارە فەڕەنسیە زۆرترین ڕەخنەی ئاڕاستەی سێستەمی بەرهەهێنانی ئەو ولاتانە دەکرد و تەنانەت بە ولاتهایەکی ئیمپریالی و مۆلگەی بەرخۆرییش تاوانباریدەکردن. بۆیە زۆر ئاسایە لەگەل سەرهەلدانی جەنگ دژ بە تیرۆریزم ئەم بیریارە سەرنجە بنەڕەتیەکانی پتر بخاتە سەر ئەمەریکا و ڕۆژئاوا.

بۆئەوەی بۆدریار بیریارانە ئێمە فڕێداتە ناو شیکردنەوەکەیەوە ئەوەمان بیردەخاتەوە کە کاتێ ئێمە دووچاری ڕووداوێ لەو شێوەی لە مانهاتان لە نیوریۆرك و لە پنتاکۆن لە واشنتۆن بووینەوە پێش ئەوە ئێمە بێ ڕووداو نەبووینە و تاڕادەیەك شارستانەیەتەکەشمان لێوانلێوبووە لە ڕووداو. پێمانوایە گشت ڕووداوەکانی پێش ئەو ڕووداوەش (واتە پێش ئەوەی مانهاتان و پنتاگۆن) ڕووداوهایەکی گەورە و جەرگ بڕبوونە و زیانی خۆیان لە مرۆڤایەتی داوە. هیچ دوورناڕۆین ڕووداوی هۆلۆکۆست کە نازیەکان ئەندازیاری بوون تائێستاش وێنەی لەبەردەگیرێتەوە و لەگشت شوێنێ بێچووی خۆی دادەنێ. ئەمەو تادەگاتە ئەو ڕووداوانەی بەهۆی جەنگی سارد و ئاشووبەکانی شەڕە ناوخۆیەکان و کێشە ئیتنی و قووربانیەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دروستبوونە. بەلێ بۆ بۆدریار ڕووداو پێش ڕووداوەکەی 11 ی 9 ی 2001 بوونی هەبووە و هەرهەمووشی ئێشی خۆی هەیە بەلام هیچی ناگاتە ئەو ڕووداوەی لە مانهاتان ڕوویدا. چونکە بۆدریار ڕووداوی 11 ی سێپتەمبەر بە ڕووداوێ هێمایی وێنە دەکا و بە شای ڕووداوەکانیشی لەقەلەم دەدا یان بەقەولی خۆی ڕووداوی هاتنەخوارەوەی دووتاوەرەکە

دایکی ڕووداوەکانە. ئێمە لە مەغزای ئەم تێگەیشتنە هێماییە دەگەین چونکە ئەم بیریارە زۆر زانایە لەوەی ڕوونکردنەوە لەسەر نیشانەکانی کۆمەڵگەی بەرخۆری بدا و ئەو گۆڕانەش کە لە جیهانی تاکڕەوی ئەمڕۆی جیهانگیری لە گشت شوێنێ لە سەوزبووندایە بە ووردی لێکداتەوە. بۆدریار کە بێ سلکردنەوە پێ لەسەر ئەوەدادەگرێ کە ئەوەی لە مانهاتان ڕوویدا, واتە هاتنەخوارەوەی دوو تاوەرەکەی مەڵبەندی بازرگانی جیهانی, ڕووداوێ سیمبۆلی(هێمایی)یە و ڕوودانەکەشی دەخاتە ئۆبالی ئەو ڕەوتە جیهانیەی تیایدەژین , واتە جیهانگیری. هەر ئەو ڕەوتەش پێدەچێ وابکا کە ئەم ڕووداوە جیهانی(گلوبال) بێ و لە قاوخی خۆی بێتە دەر. ڕووداوەکە کە لە ناوچەی مانهاتان لە نیویۆرك ڕوویدا بەجۆرێ ڕوویدا کە کەمکەس لە گۆی زەوی هەبوو نەیبینێ و نەیبیستێ. لەگەل ڕوودانی ڕووداوەکەش نەك هەر ناوی ئەمەریکا کەوتە بەر زۆرترین گۆکردنەوەوە بەلکو ناوی" "نێوەندی بارزرگانی جیهانی" "ش کە دەکەوێتە " "گەڕەکی مانهاتان" "ەوە و ئەمجار خودی گەڕەکەکەش (واتە مانهاتان) کە دەکەوێتە نیویۆرکەوە و دواتر ناوی شاری نیویۆرك کە دوو تاوەرەکە لە باوەش دەگرێ و پاشان سەیرترین واژەی چاخی زانیاریش کە بریتیە لە " "دوو تاوەرکە" " هەموو ئەمانە لە ڕۆژێکا چەندینجار گۆدەکران و لە مێدیای جیهانیشدا ناویان دەهات. هەر ئەمە ئاماژە نیە لەسەر مەزنی ڕووداوەکە بەلکو ئەوەش کە ئەم ڕووداوە جیهانی سەرلەنوێ دابەش دوو کردەوە و ئەمجار بووە هۆی بەکاربردنی ناوێکیش ,وەك ناوی تیرۆریزم, کە تائێستاش بڕانەوەی نیە(؟) و لەگەل ئەو ناوەش ئاین و کۆمەلگەها و کولتوورهایەکیش زڕێندران کە کەس نازانێ کەی کەسایەتیان بۆ دەگەڕێندرێتەوە. تیرۆریزم هەر ئەم ڕووداوە جەنگێکیشی هێنایەکایەوە بەناوی جەنگ دژ بە تیرۆریزم کە بووە بە باوترین و زالترین دەربڕین لە ئەدەبیاتی سیاسی و فکری چاخی زانیاریدا و , هەر ئەم ڕووداوەش دەرگای لە ئێپۆك(سەدە)ێ کردەوە کە جەنگ یان دژایەتی بۆ لەمەولا دەخاتە نێوان دوو لا یان دوو بەرەوە : بەرەی تیرۆریستەکان و بەرەی دژە تیرۆریستەکان, یاخود دوژمنانی تیرۆر و لایەنگرانی تیرۆر. ئەم دابەشبوونەش کە پاش ڕووداوەکە هاتەکایەوە بێگومان ئەو باجەیە کە مرۆڤایەتی کەمجار ئاوا بەجۆرێ هاوبەش و سەرانسەرانە پێکەوەداویەتی یان دەیدا. بەلام تەماشاکردن بۆ ئەم دوو بەرەیە نابێ ئەو شێوە تەماشاکردنە کلاسیکە وەرگرێ کە هەمیشە دوو بەرە دژ و ناکۆکەکانی پێڵێکدراوەتەوە. تەنانەت تەماشاکردن بۆ خودی دوو بەرە دژ و ناکۆکە مۆدێرنەکانیش بەتەواوەتی ئەوەیان ڕوونەکردۆتەوە هەلەکان لە کوێڕا قەتیسماون بۆ دەبێ تەنیا بەدووی دەستدرێژیکەردا بگەڕێین. چ لەسەردەمی کلاسیك و چش لەسەردەمی مۆدێرنەدا هەمیشە تەماشاکردنەکان ئاڕاستەی لاێ کراوە و ئەوی دی فەرامۆشکراوە. یان ڕوونتر بدۆین, لە جەنگەکانی پێش ئەم جەنگە, کە ناومانا جەنگی پۆست مۆدێرن, بۆ هەموو لاێ ئەوە گرینگ بووە کێ دلی جەنگە و کێش دلی ئاشتی. کە ئەمە بەخۆی پەردەپۆشکردنێ گەورەی سێمانتکی نەك هەر جەنگە بەلکو ئاشتیشە. ئەوە ئاشتی نەبووە ئێرانیەکان لەماوەی شەڕەکەیان لەگەل عێراقیەکانا دەیاندا بەگوێی عێراق یان جیهانا. ئەوە جەنگ بوو بۆ پاساودانی ئامانجێ سیاسی کە ئەوەش خۆی لەسەر ئەو گریمانە بوونیاددەنا کە ئەوە ئێمە نین جەنگمان دەستپێکردووە. یان بەپێچەوانەوە ئەوەش ئاشتی نەبوو کە عێراقیەکان بە هەنگاوە بکوژەکانیان بانگەشەیان بۆ دەکرد. چونکە لەلاێ ئەوان بێ جەنگ نەیاندەتوانی هەناسەبدەن و لەلاێتریش ئەوان ئەوکات نەك هەر ئاشتی خوازنەبوون بەلکو سەرقالیش بوون بە جەنگێ تر کە فۆڕمی تیرۆری دەولەتی لە ناخیا حەشاردابوو کە بە هەلەبجە و ئەنفال کۆتای هات. بۆیە کە دەگەڕێینەوە سەر ناوەڕۆکی باسەکەمان پێلەسەر ئەوە دادەگرین کە لە جەنگی نێوان تیرۆریزم و جیهانگیری نابێ بەو یاریانەوە سەرقالبین کە هەردوولا لەتەکماندا دەیکەن. نابێ بەدووی بەرهەمهێنەر و وەبەرهێنەری جەنگ و ئاشتیدا بگەڕێین. نەخێر بەلکو دەبێ بەدووی ئەوەدا بگەڕێین کە چۆن ئەم دوو لایە بوون بە نوێنەری ڕاستەقیەی گشت ئەو ڕق و پەشێویە دەروونیە پەنهانانەی کە پەیمانپێنەبردبوون. پەیبردن بەوانە گرینگە چونکە ئەمە پەیبردن نییە بە هێزەکانی ئاشتی یان جەنگ چونکە کارەساتەکان ئەو شێوە دابەشکردنەی دەمێکە تێپەڕاندووە.

ئاشکرایە خوێنەری سەروتارەکەی بۆدریار هەستبەوەدەکا کە ناوبراو پیادەی ناحەزیێ زۆر دژ بە شارستانی ڕۆژئاوا دەکا و تۆمەتێ گەورەش دەخاتە پالیەوە و تاوانبارێ زۆریشی دەکا بەوەی کە ئەوە خۆیەتی ئەو تیرۆریزمەی بەرهەمهێناوە کە تیایدەژین. ئەم لایەنانە باسهایەکی فکری و سیاسی گەورەن و تەنیا پێوەندیان بە بیری فەلسەفی سیاسی بۆدریارەوە نییە. بەلکو ئەم لایەنانە بەخۆیان ئاڕاستە و تەوژمهاێکن لە ڕوانین و تێگەیشتن کە بوونیان لە دونیای فکری جیهانیدا هێندەی کاتاسترۆفەکان مانادارە و دەرگاشیان لە توێژینەوە و دێیات (گفتووگۆ) لەگشت شوێنێ لەم جیهانە کردۆتەوە. پاشان ئەم لایەنانە ئاوا بەئاسانی خۆیان بۆخوێنەری ئەم باسە والاناکەن تا پتر نەچیتە ناخی باسەکەوە و هەروەها ئەو باسانەی تریشمان کە لەسەر بیری ئەم بیریارە و چەند بیریارێکی تر سەبارەت بە دیاردەی تیرۆریزم ئەنجامانداوە.

وێرای ئەوانە دەبێ ئەوەش بلێین کە ,هەر لەسەرەتای لێکدانەوەکەوە خوێنەر ئەو تێبینیەی گورج لا دروستدەبێ کە تەماشاکردنی ئەم بیریارە پۆست مۆدێرنە بۆ ئەمەریکا لەکاتی نووسینی کتێبی " "ئەمەریکا" " کەیەوە , کە لە سالی 1986 نووسراوە, تا کاتی نووسینی ئەم سەروتارە (کە لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی لە 2 ی نۆڤەمبەری 2001

دا بلاوكراوەتەوە) نەك لاوازنەبوە بگرە زۆر درِ و زبریش بووە. مرۆڤ كە ئەم بیریارە لە "" رۆحی تیرۆریزم""
دا دەخوێنێتەوە بەوەدەگا كە بۆ ئەم بیریارە ئەمەریكا لەوە خراپترە كە پێشتر فسەی لەسەركردووە. پێمانوایە كە
كەم بیریار لەسەردەمی تازەدا لە فەرەنسا و تەنانەت لە گشت رۆژئاواش توانیویەتی هێندەی بۆدریار نووسەرایەتی
بەسەر ئەمەریكاوە بكا. بەلێ لەناوەوەی ئەمەریكا لەوێنەی زۆرە و شای ئەوانەش نەوام شۆمسكیە تەنانەت لەوێنەی
بۆردیار پێشتر لە فەرەنسا و لەسەدەی نۆزدەشدا هەبووە ئەوەش فەیلەسوفێ سیاسی بووە بەناوی دۆتۆكفیل كە
سەفەرێكی بەرەو ئەمەریكا كردووە و كتێبێكیشی لەسەر ئەمەریكا لەژێرناوی ""لەمەرِ دیموكراسیەت لە
ئەمەریكا"" نووسیووە. بەلام ڕاستیەكەی ئەمەریكای ئەمرِۆ, یان ئەمەریكای مەلبەندی دیگیتالی جیهانی ,كاستێلس
ووتەنی, داوای قسەی تر و شێوازێ تر لە تەماشاكردنمان لێدەكا.
ئەم ئەمەریكا نوێیە , كە بۆدریار هەر زوو ناسی, بەرپرسیارە بەرامبەر بەو هێرشە(پەلامارە) تیرۆریەی لە
مانهاتان ڕوویدا. جیهانگیریەكەی كە بەسەر لووتكەی دوو تاوەرەكە و قووبەكەی كۆشكی سپی دەشەكایەوە
بەرپرسیارە لە ڕووداوەكانی ڕۆژی سێشەممە.ئەو ڕۆژە بۆ بۆدریار ڕۆژی لەدایكبوونی ڕووداوی هێمایيە نەك
قیعلی. ئەم ڕووداوە كارێوادەكا كە ئەم بیریارە ڕووداوی قیعلی لە ڕووداوی هێمایی لێكدیجودادەكاتەوە. بۆنموونە
گشت ڕووداوەكانی ڕابردوو بە جەنگ و ئاشووب و تەنانەت گینۆسایدیشەوە بە ڕووداوهایەكی قیعلی دەناسێنێ و
بەرامبەر بەوانە ئەوی ڕۆژی 11 ی 9 بە ڕووداوێ هێمایی دەناسێنێ.ئێمەش پێمانوایە كە ئەم ڕووداوە نەك هەر
هێماییە بەلكو گلوبالیشە. ئەم دوو لایەنە وا لە ڕووداوەكەش دەكەن كە وەك مەسەلەێ بێوێنە و دەگمەن
تەماشاكرێ. ئەمەی بۆدریار دەیكا زلكردنی ڕووداوەكە نیە بەلكو دوورخستنەوەیەتی لەوەی بچووكرێتەوە و یان
بخرێتە پال گشت ڕووداوەكانی تر بەبێ جیاوازی. ئەوەندەی ئێمە لە بۆدریار گەیشتووبێتین ناوبراو قایل نییە نە
بە لاچەپكردنی ڕووداوەكانی ڕۆژی سێشەممە و نەش بە بەپیرۆزكردنی(تەقدیس) ئەو ڕووداوانە. ئەو ئەیەوێ
پێمانبلێ كە ڕووداو ئەوەیە كە ڕوویدا. ئەمە مانای بێنرخكردنی ڕووداوە مرۆییەكانی تر ناگەێنێ بەلكو سەرنجمان
بەرەو ئەوێ ڕادەكێشێ كە ئەم ڕووداوە دایكی ڕووداوەكانە و گشت ئەوانی تر كە ڕوویانداوە ڕۆلەی ئەمن. ئەم
وێنەكردنە جۆرە بیریارێكی بەدەمەوەیە كە پێشتر نە بەسەر ڕووداوەوە كراوە و نەش لەو كاتەوەی ڕووداوەكانی
ڕۆژی 11 ی سێپتەمبەر ڕوویداوە كەس ئاوا بەو شێوەیە ڕوناكبیری بەسەرەوەكردووە. چونكە ڕووداوەكانی 11
ی سێپتەمبەر دەرگای لە ئێپۆكێ لە تەوژمی ئەنتاگۆنیزم(دوژمنگەرایی) كردەوە كە ئاوا بە ئاسانی ئەم تەوژمی
ئەنتاگۆنیزمە ئاوانابێ و تابلێی ئەم تەوژمە خاكێ بەپیتیشە بۆ چاندنی دووبەرەكایەتی و ناحەزێ بەردەوام.
وەكیتریش ڕووداوەكانی مانهاتان هۆكارێ سەرەكیش بوو نەك هەر بۆ چاندنی ئەو ئەنتاگۆنیزمە(دوژمنگەراییە) لە
ناخی گشت كەسێ ڕۆژئاوایی و غەیرە ڕۆژئاوایەدا بەلكو ڕێگای تریش بوو بۆ خۆپاكردنەوە لەیەكتر و برِیاردان
بۆ وەستان بە ڕاشكاوی بەرامبەر بەیەكدی. لێرەدا مەبەستمان لەوی وتمان , لەلاێ ئەوەیە كە پلەی ناحەزی و
ڕووبەرِوبوونەوەكە بەهۆی ڕووداوەكانی 11 ی 9 كەوتە حالەتێ یەكلایی و, لەلایتر ئەوەیە كە ئەو ناحەزیی و
دوژمنگەراییە نەرم و شەفافەی پێش ڕووداوەكان لەنێوان ئەوانەی ئەمرِۆ بە تیرۆریست و دژە تیرۆریست لەقەلەم
دەدرێن هەبوون ئەمرِۆ و پاش ڕوودانی ڕووداوەكان ئەو ناحەزی و دوژمنگەراییە ئاڕاستەێ دیارتر و
ڕاستەوخۆتری وەرگرت. ئەوی بەووردیش تەماشای ڕۆژەكانی پێش ڕووداوەكانی كردبێ بەو تێرِامانەدەگا كە ئەو
ناحەزیە پێشتر لە گشت ئاستەكان هەر لە بواری بازرگانیەوە بگرە تادەگاتە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و ئاینی
و كولتووریش بواری كاركردنی بەهێزبووە بەلام لە زۆربەی نێوەندە ڕوناكبیری و ئەكادیمیەكانا و لەسەر دەستی
گەلێ بیریار و ڕوناكبیری بەتەنگخواز و پرِ لە ڕەوشت بەپێچەوانەوە ڕۆژانە هەنگاو بۆ باشتركردن و
بەرەوپێشەوە بردنی پێوەندیەكان لەنێوان ناسنامە و كولتووری ڕۆژئاوا و غەیرە ڕۆژئاوا دەنرا بەلام ئەوانە
بەبەردەوام بەهۆی سیاسەتە هەلە و پراگماتیەكانی كۆشكەكانی دیپلۆماتیەت و كارگەكانی سیاسەت تێكدەدرا و
ڕۆحی خۆخوازی و شەرِانگیزی لە شوێنیان دەچێنرا. بەواتێ تر, پێش ڕووداوەكانی مانهاتان گەلێ لە كۆمەلناس
و تیۆریزەكەرانی سیاسی لە ولاتانی ڕۆژئاوا ڕۆژانە باسیان لە كێشە و هەلە سیاسی و كولتووری و
كۆمەلایەتیەكانی ئێرەو و ئەوێ دەكرد و بەپێی پێویستیش چارەسەری گونجاو و كۆنگرێتیشان بۆ ئەوكێشە و
هەلانە پێشنیاردەكرد بەلام بەرِوودانی ئەو ڕووداوە یان بە ڕوودانی "" دایكی ڕووداوەكان"" كارلەكار ترازا و
بواریش پتر لەپێش ڕووداوەكان بۆ ئەوانە خۆشبوو, كە ناحەزی و تۆلە و ڕق لە ڕۆحیانا چێنرابوو, جەنگێ لەژێر
ناوی باشە و خراپە داتاشن كە كەس نازانێ دلی لەكوێ دەوەستێ.
دیسانەوە دەلێین ڕاستە كە ڕووداوەكانی گەرەكی مانهاتان لەوێنەی نییە و بكەرێ گەورەیە و, هەر ئەم ڕووداوەشە
كارێوایكرد دوو ڕژێمی بەد, یەكێكیان ئەفغانستان و ئەویتریان عێراق, لەبنا ڕیشەكێشكرێن. هەروەها هەر ئەم
ڕووداوە بوو كە كارێ ئەوتۆی كرد دوو برِوا ڕیسواكرێن. یەكێكیان ئیسلامی سیاسی لەشێوەی ئەو مودێلە
داخراوەی ئەفغانستان و ئەویتر ئایدیۆلۆژیای پانبەعسیزمی بەدەووی(مەبەست بەدووە). ئەمەو دیسانەوە هەر ئەم
ڕووداوەشە بووەهۆی ئەوەی ڕۆژانە گوزارەی ئەنتی ئەمەریكانیزم و لەپالیشیەوە ئەنتی سمیتیزم پتر لە جاران
بەكاربهێنرێ, هەروەها مێدیاكان ڕۆژانە زاراوەی تیرۆریزم لەتەك ناسامە و كولتووریش بەكاربەرن. ئەمەو

بارێئەوتۆش هاتەپێشەوە کە لەگەل ناوهێنانی تیرۆریزم باسی ئەمەریکا و ئیسلامیش وەك دوو جەمسەری دژ لەپال ئەو ناوە بەر بەکاربردن بکەون. کەواتە لەگەل هاتنەخوارەوەی دوو تاوەرەکە لە ناوچەی مانهاتان سێ واژە بوون بە هاودەمییەك و وەك دژە جەمسەریش بۆ ڕوونکردنەوەی یەکتر خۆیان خستە بەربەکاردن. ئەم لایەنە دەرگای لە سێمانتیکێ(مانای وشەناسی) نوێ کردەوە کە بەرهەمی ئەو جەنگە پۆست مۆدێرنەیە کە پێوەی گلاوین(ئەم لایەنە ,واتە " "سێمانتیکی تیرۆریزم" ", لە نووسینێ ترمان دێینەوە سەری).

بەواتاێ تر, ڕووداوەکانی ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی 11ی 9 ,یەکەم سالی هەزارینەی نوێ, بوو بە دەروازەێ بۆ دابەشکردنی جیهان و پۆلکردنی ناسنامە و ترادیسیۆن و ئاینەکان. ئەمە ئەو نەگبەتیەیە کە دەبایە هەر بهاتایە. چەوتیەکانی ڕابردوومان کارێ وایکرد گشت ئەو ڕووداوانەی ژیاوین ببن بە ڕۆلەی ئەو ڕووداوەی کە لە ناوچەێ زۆر قەرەبالغی جیهاندا ڕوویدا. ئەمە دەبێ چ ڕووداوێ جەرگبڕبێ کەوا لە بیریارێ ڕۆژئاوای بکا گینۆساید بکا بە مندالی ئەوەی لە پاش نیوەڕۆیەکی ڕۆژی سێشەممە بە کاتی ئەوروپا لە شارێ پۆست مۆدێرنی وەك نیویۆرك سلاوێ خوێناویمان لێدەکا. بۆیە گرینگە لێرەدا بپرسین : ڕووداو هەیە هێندەی ڕووداوی گینۆساید, کە لەماوەی جەنگی جیهانی دوو نازیەکان دەرهەق بە جووەکان ئەنجامیاندا, ترسناکتربێ؟ بەدلنیایەوە ڕووداوی گینۆساید و دواتر ڕووداوی هەردوو جەنگی جیهانیەگەورەکەش و تادەگاتە ڕووداوی سەرهەلدانی جەنگی سارد و دیاردەی نازیزم و فاشیزم و فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی دیکتاتۆریەت لە مێژووی مرۆڤی هاوچەرخدا لە ڕووداوە جەرگبڕ و پڕ لە تراژیدیاکانن بەلام کردنی ئەمانە بە منالی ئەوی لە گەڕەکی مانهاتان لە نیویۆرك ڕوویدا تەنیا بۆ مەزنی ڕووداوەکە ناگەڕێتەوە بەلکو بۆ ئەو ڕوناکبیریەش دەگەڕێنینەوە کە لەپشت ئەو وێنەکردنەوەوەیە. ئەو وێنەکردنە کە بەرهەمی دیدی بیریارێ پۆست مۆدێرنە لاێ ئێمە دەرگای لە باس لە بوونی جەنگێ پۆست مۆدێرنیش کردەوە. دواتر گەڕانی ئەم بیریارە بەدووی ئەو ڕۆحەی لەپشت دروستبوونی ئەم ڕووداوەوەیە ئاماژەیە لە سەر دیرۆکی کۆنی ئەو ناحەزی و ناتەباییانەی لەنێوان هێرشکەران و هێرشکراوەسەران دا هەبووە. ڕاستە ئەم بیریارە ئامارێکمان سەبارەت بەو دیرۆکە بەردەستناخا و تەنانەت هەلژماری تێکڕای ئەو بەیەکاچوونەوە و پێکداداناش بەردەستناخا کە لە ڕابردوو دا لەنێوان ئەو دوو لایە ڕوویانداوە. بەلام بەلانی کەمەوە ئەم بیریارە ئەمەریکاناسە نزدیکمان دەکاتەوە لە ئەمڕۆمان و پێشمان دەلێ کە ئێمە چەند لە خۆمانەوە و چەند لە ڕووداوەکانمانەوە دوور یان نزدیکین. ئەو(واتە بۆدریار) کە باس لە جیهانگیری دەکا وەك هۆکارێ بۆ دروستبوونی ئەم ڕووداوە واتە کولتوور و سیاسەت و ئابووری ئێستا بەوە تاوانباردەکا کە لەپشت هاتنەکایەوەی ئەم ڕووداوەوە بوونە و , ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەوی ڕوویدا لەخۆمانە یان چاتر بلێین لەئێستامانەوە نزدیکە و تابلێی بەرهەمی خۆمانە. کەوابێ ئێمە نابێ میتافیزیکی بین و پێمان وابێ ئەمە هاوردەی خالقە و پاداشتی خراپەکاریەکانمانە. نەخێر. بەلکو دەبێ دانبەوەدابهێنین کە ئەوی لە مانهاتان ڕوویدا زادەی چەوتیەکانی لەمەوبەرمانە و سەد دەر سەد لە گۆشت و خوێنی خۆمانە و هەرگیز زۆل(بیج) نییە.

هەروەك لەسەرەوەش ووتمان, ئەو وێناکردنەی بۆدریار بۆ ڕووداوەکانی مانهاتان و پنتاگۆن بەرهەمی ئەو هەموو هێما و نیشانانەن کە دواتر ڕووداوەکانی 11 ی 9 خستیانەوە. ئەو وێناکردنە نە لەخۆڕایە و نەش ڕێگایەکە بۆ پەراوێزکردنی گشت ڕووداوەکانی مرۆڤایەتی. خوێنەر گەر بەووردی ڕۆچێتە نێو گوزارە و دەربڕینەکانی ئەو سەروتارە گلوبالەی بۆدریار ئەویش ئەوەی لا وێنادەبێ کە ئەم ڕووداوە ئەو ڕووداوەیە کە زۆر ئاماژەی گلوبالی و هێمایی تیابەدیدەکرێ یەك لەوانەش ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە , ئەوی لە مانهاتان ڕوویدا ئێمەی بوونەوەری چاخی زانیاری والێکرد هەموو پێکەوە لەدەوری ئەم ڕووداوە و ئاکامە ڕەش و بەدەکانیدا کۆببینەوە. ڕاستە , هەروەك بۆدریاریش بۆی چووە, ئەم ڕووداوە هەلاوگۆڕانی هێمایی خستەوە بەلام ئەوەشیکرد کە ئەم ڕووداوە ببێتە هۆی تێکدانی ئەو یەکخستنە کۆمەلایەتی و کولتورییەی کارێ زۆری بۆ دەکرا بێتەدی. ئەم ڕووداوە کە هەلاوگۆڕانێ گلوبالی خستەوە بوەهۆی ئەوەش کە ئەم ڕووداوە کولتوورەکان, ناسنامەکان, ترادیسیۆنە جیاجیاکان بیر یەکترخاتەوە. بەلام چۆن بیر یەکترخستنەوەیەك؟؟ بەدلنیایەوە ئەو بیر یەکترخستنەوەیە ناحەزترین شێوەی وەرگرت و بەردەمابوونیشی زۆرترین زیان لە شارستانی ڕۆژئاوایەکان و غەیرە ڕۆژئاوایەکان دەدا.

سەرباری ئەوە, ئەم ڕووداوە بەوشێوەیەی لە " "ڕۆحی تیرۆریزم" "دا هاتووە بەرەو ئەو تێڕامانەشمان دەبا کە بلێین, ڕووداوێ تاك وێنەیە و شوێنێ تایبەتیشی بەخۆی گرتووە و تەنانەت دیوارێکیشی خستە نێوان خۆی و گشت ڕووداوەکانی تری سەدەکانی تری ڕۆژئاوا بەتایبەتی و مرۆڤایەتیش بەگشتی. ئەم ڕووداوە بەباوەڕی ئێمە کە جەنگێ پۆست مۆدێرنی بەدووی خۆ ڕاکێشا بوو بە بالاترین فۆڕمی جەنگ و فاکتەرێکیش بۆ خستنەوەی چەندین کلێشەی جۆراوجۆر لە دوژمنایەتی.

بەلێ ئەو هێرشە(پەلامارە) تیرۆیستیەی 11 ی 9 بۆ هێنانەخوارەوەی هێماێ بوو کە ئارەزوومەندی قۆرخکردنی گەردوونی لا بوو, بەلام ئەو سێستەمە سیاسی و ئابووریەی ئەو هێمایەی هێناوەتە دونیاوە نەك هەر دانی بەهاتنەخوارەوەی هێماکە نەهێنا بەلکو بەجۆرێ تراژیدیاکەی فۆڕمولێرەکرد کە توانی وەك گەورەترین کاتاسترۆف (کارەسات)ی مێژووی نیشانیدا. ئەو نیشاندانە سۆزێ زۆری دروستکرد و دژایەتیێ بێ سنووریشی خستە نێوان

ڕۆژئاوا و جیهانی ناسنامەی پەلاماردەران کە ئەوەش جیهانی عەرەبی ئیسلامی بوو, نەك ئەوەی کە هەندێ وایبۆدەچن, نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات. ئەو هێمایەی خۆی لە مانهاتان مەلاسدابوو ئەو هێمایەبوو کە شارستانی ڕۆژئاوا بەهۆی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری و کولتووریەکەیەوە سالەهایە پەروەردەیدەکا و دواتر هێمای ناوبراو بەرەو شوێنێتر,کە ئەوەش ئەمەریکایە, گوازرایەوە. بۆیە ناکرێ بووترێ ئەو هێمایەی لە مانهاتان دروستبوو تەنیا بەرهەمی ئەمەریکایە بەلکو ئەو هێمایە بەرهەمی گشت وتاری ڕۆژئاواشە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئەمڕۆی , کە لە بنەڕەتدا ئەم وتارە نەك هەر بەرپرسە لە کۆبوونەوەی زانین و دەسەلات لەیەك شوێندا بەلکو بەرپرسیشە لە هێنانەخوارەوەی بەهای گشت وتارێ غەیرە ڕۆژئاوایش.ڕوووونکردنەوەی مەسەلەی ئەو کۆبوونەوەیە بەو شێوەیە نەك هەر ویستی تیرۆریستەکان بۆ تێکدانی هێمای ڕۆژئاوا ڕووندەکاتەوە بەلکو ئەو ئامانجەش ڕووندەکاتەوە کە لەپشت دروستبوونی خودی بەهێما بوونی ناسنامە و ترادیسیۆنێ تایبەتەوەیە. هەر ئەمەش , واتە کاتێ ناسنامە و ترادیسیۆنێ تایبەت بەهێمادەبێ, کارێ وادەکا ئەوشتە لە مانهاتان ڕووبدا یان لەو شوێنانەی ئەو هێمایە لەبەرۆك دەنێن نەك لە شوێنێتر. هەر ئەمەش جارێ تر وادەکا ڕۆژانە ڕقباز و دڕندە لێرە و لەوێ سەردەرکەن و خۆیان وەك دوژمنی هەرە گەورەی ڕۆژئاوا بەیانکەن. ئەمە تەنیا دوژمنایەتیکردنی ڕۆژئاوای بەدەمەوە نییە بەلکو پیشەسازێ تریشە بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی گەردوون.

سەرباری ئەوەی لەسەرەوە ووتمان دەخوازین ئەوەش بیرخەینەوە کە, لەگەل ڕوودانی هێرشەکە پرسیارێ لە گشت شوێنێ خۆی قووتکردەوە کە بەمشێوەیە خۆی فۆرمولێرەکرد: بۆ ئەمە ڕویدا؟ دواتر پرسیارەکە ڕەوتی ڕەوانبێژی و فکری تریشی وەرگرت و بوو بە پرسیارهایەکی لەم شێوەیە, وەك : بۆ لێدانی ئەو شوێنانە؟ بۆ لێدانی ئەمەریکا؟ بەلام ئەو پرسیارانە دەشێ بەو پرسیارانە وەلامدرێتەوە کە نهێنی لێدانەکەی ڕاگرتووە کە ئەوەش ئەمانەن: تیرۆریستەکان چیان دەوێ؟ واتە چییان لە ئێمەی ئەمەریکای یان ڕۆژئاوایی دەوێ؟ یان بەقەولی مەعروفی بۆش " " بۆ ڕقیان لە ئێمەیە" "؟. لەڕاستیدا ئێمە بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانە تەنیا لاپەڕەکانی ئەم سەروتارەمان بەکارناهێنین بەلکو باسەکانی دواتریشمانی بۆتەرخاندەکەین و بەپێی توانا و لەسەر بناغەێ مێتۆدیش هەولدەدەین وەلامی گونجا و بڕوادار بەردەستخەین. بەلام لێرەدا و بەکورتی ئەوەندە دەلێین, تیرۆریستەکان کە زرجار وەك کەسانێ یان تاقمێ هەروەها ڕێکخراوێ ئەنتی(دژە) ئەمەریکای نیشاندەدرێن ئامانجی بنەڕەتیان ڕەتکردنەوەی شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایە کە سەرچاوە لەو تەوژمە بێ بەزییە ئابووری و کولتووریەوە وەردەگرێ کە پێیدەلێن جیهانگیریی. ئەم جیهانگیریەش کە لە ئەمەریکادا چڕبۆتەوە لووتبەرزیێ سیاسی ئەوتۆی بۆ مسۆگەرکردووە کە زۆرترین هێزی لە بڕیاردان و ڕەوایەتی پێبەخشیووە. ئەو هێزەش کە جۆرە سیاسەتێ ڕیالی لە ئەمەریکا هێناوەتە دونیا زۆرترین دەوژمنی بۆخۆی لەو شوێنانەدا پەیداکردووە کە هیچ پێوەندیەکیان بە شێوازی ژیانی ڕۆژئاواوە نییە. بەلام بەرامبەر بەوە تیرۆریستەکان بە ئالۆزیێ وەسەرەتاهاتن کە هەرگیز سیاسەتی ڕەیال پێشبینی نەدەکرد. ئەم ئالۆزیەش خۆی لەخۆیدا وەلام بوو بۆ ئالۆزێتر. گومانی ناوێ ئەوی کرا ناشێ بەهیچ جۆری پاساودانی بۆبکرێ. ئەوی لە مانهاتان لەو پاشنیوەڕۆ پایزیە بە کاتی ئەوروپا(چونکە ئەوکاتە بەکاتی ئەمەریکا مانهاتان تازە خۆی بۆ ڕۆژێ نوێ ئامادەدەکرد ) لەدایکبوو ناشێ لەبیرکرێ. چونکە لەبیرکردن و بێبەهاکردنی تەنیا لە فەرهەنگی ئەوانەدا ئامادەیە کە لەگەل خوێنبازیدا ئەڤینداریان هەیە. بەلام بابزانین چۆن ئەو گرووپ و کەسانە یاخود ڕێکخراوانە بوون بە تیرۆریست و شوێنی ڕووداوی سیاسی تریان گرتەوە.

پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو لایەنە ئاماژە بەوەدەکەین کە , ئێمە بۆ گەلێ لەو پرسیارانەی وەلاممان لادەستدەکەوێ و لە درێژەی کارەکەشمان, نەك هەر لێرە بەلکو لە نووسینەکانی تریشماندا, بۆ ڕوونکردنەوەی تیرۆریزم لە چاخی زانیاری هەولدەدەین چەندین هەنگاوی جۆراوجۆر بنێین تا ئەو گومڕایانە یەکلاکەینەوە کە سەبارەت بە دیاردەی تیرۆریزم لەئارادایە و ئەلبەتە بەبەریشیەوە کار بۆئەوەشدەکەین کە توانا و هێزی فەلسەفەی ئەمڕۆش لە بەخشینی ڕوونکردنەوە و ئارگومێنتی دەگمەن و پەسەندکراو بەرباسبخەین. ئەمەش لەلایێ بۆئەوەی ئەو ناڕونی و نادیاریانەی ئەم دیاردەیە لەگەل خۆی هێناویەتی دونیاوە بەرباسخرێ و هەروەها لەلایێتر بەشداری ئەو بیریار و ڕوناکبیرە گەورانەش بەسەرکەینەوە کە لە ڕۆژێ ئاوادا کار بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و وەلامی گونجا و پڕ لە بەها دەکەن. خستنەڕووی بیری ئەو بیریار و ڕوناکبیرە گلوبالانە تەنیا بۆ ئەوەنیە کە وانەیان لێوەفێربین کە چۆن مرۆڤە مەزنەکان لە ڕۆژێ ئاوا کارەساتاویدا دەدوێن بەلکو بۆ ئەوەشە کە جیاوازیێ نخەینە نێوان شێوەی کارکردنی بیریاران و هەولوێستیشیان بەرامبەر بەوەی لە دەرەوەی ژوری نووسینەکانیان یان هۆلی وانە ووتنەوەکانیان ڕوودەدا. چونکە کێشەکانی سەردەمی نوێ و کارەساتەکانی مرۆڤی تازە تەنیا لەڕێگای تیۆری و مێتۆدە ڕەق و وشکەکانەوە چارەسەر بۆخۆیان نادۆزنەوە بەلکو دەبێ بیریار و ڕوناکبیرە مەزنەکانی بەتایبەت ڕۆژئاوایەکان هەلوێستی دیار و ڕوون بەردەست خوێنەرانی خۆشیان لە جیهانا نخەن و بەئاشکرا و بەێ پێچوپەنا بەشداری لە قسەکردن لەبارەی دیاردە و ڕووداوەکانەوە بکەن.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوی ماوەێ پێش ئێستا لەسەرەوە وروژاندمان لەوێوە وەسەرەتا دێین کە تیرۆریزم بوو بەو چەمکەی شوێنی ڕووداوە سیاسیەکانی تری گرتەوە, لەوانە گینۆساید , نازیزم و کۆمۆنیزم , کە دواتر ئەوانەش

جەنگی سارد و ئەمجار جیهانگیریان بەرهەمهێنا. گەلێ لەو شوێنانەی ئەمڕۆ دالدەی تیرۆریزمن یان شوێنگەی دروستبوونی پەروەردەی تیرۆریستین پێشتر لەگەڵ بەرەی دژە تیرۆری ئەمڕۆدا لەپێوەندیدا بوونە. تیررۆریزم پێش ئەوەی ئاوا دەرکەوێ خۆی لەچوارچێوەی تریشدا دیوەتەوە کە زۆرجار وەك چەتە و دەست درێژیکەران و دەرچوان لە یاسا ناوزەدکراون. بەلام کردەوە تیرۆیستیەکەی 11ی 9 خۆی لەگشت فۆڕمەکانی تیرۆریزم جیاکردەوە. پەیامی ئەو کردەوە تیرۆریستیەش بەجۆرێ خۆی ڕادەگەێنێ کە خودی تیرۆریزم دەیەوێ لەوەبکەوێ لۆکالی بێ و کاری بەوەشەوە نیە کە چۆن تەماشادەکرێ. ئەمە تەنیا تیرۆریزم نیە بەلکو هاتنی چاخێکیشە لە زەبروزەنگ(توندوتیژی) کە مرۆڤایەتی ئاوا گلوبالانە بەخۆیەوە نەیدیوە. گلوبالکردنی ئەو درامایانەی بەهۆی تیرۆریزمەوە گشت ڕۆژێ دروستدەبن هەرگیز دراماکانی پێش خۆیان بێ مانا ناکەن بەلکو جیاوازیەکە لەوەدایە کە تیرۆریزم پەتا ئاسا بلاودەبێتەوە ئێستا لێرەیە و تاوێتر لە شوێنێتر. ئەم بێشوێنیەی تیرۆریزم دیوارێ دەخاتە نێوان خۆی و گشت ڕووداوە سیاسیەکانی تری پێش خۆی.
لەم پۆلکردنەش مەبەستمان ئەوەیە کە هەردوو جەنگە جیهانیەکە بە پیشەسازی هۆلۆکۆست و جەنگی ساردیشەوە شوێن و کاتی ئیشکردنیان لە دیاردەی تیرۆریزم دیاریکراوتربوو. ئەمە لەلاێ و لەلاێتریش هەموو ئەو ڕووداوانە کارێ ئەوتۆیان نەکرد باس بهێنرێتە سەر ئەوەی کە کەسان  و تاقمهاێ یان ڕێکخراوهاێ پەیدابوونە کە دژە شارستانین و ویستیان تەنیا ڕەتکردنەوەی بەها ڕەوشتیەکانی ڕۆژئاوایە, یان سەیرە لە ڕابردوودا لەگەل ئەو هەموو ڕووداوە غەریبانە و گالتەکردنە بە بڕوا و بەهاکانی مرۆڤ باس نەهاتە سەر ئەوەی کە خەلکانێ هەن تەنیا ئامانجیان هێرشکردنە سەر ناسنامە و ترادیسیۆنی ڕۆژئاوایە , ئەو ناسنامە و ترادیسیۆنەی خۆی وەك شتێ مەزن نیشاندەدا. لەوانە ترسناکتر بەهۆی ڕووداوەکانی مانهاتانەوە خەریکبوو باس بێتە سەر ئەوەش کە کەسانێ سەریانهەلداوە کە دەیانەوێ ئاینمان لێبسێننەوە و لەبڕی ئەوە ئاینی خۆیانمان پێبدەن. ئەوەی لەو ماوەیەدا , لەدوای ڕووداوەکانی 11 ی 9 وە, ووترا نیشانەیە لەسەر ئەوەی ڕەگەزپەرستی دێرینی ڕۆژئاوا ڕەگەزپەستیێ نوێ یان دژی بەرهەمهێنا. مەبەستم ئەوەیە کە تیرۆریزم ڕەگەزپەرستیێ دژە و بەرهەمی ڕەگەزپەرستی لەمەوبەری شارستانی ڕۆژئاوایە. بەواتاێ فەلسەفیتر, دەلێین کە تیرۆریزم ڕەگەزپەرستیێ پۆست مۆدێرنە و ئەوی ڕۆژئاواش لە مێژوویدا دێرینیدا بەرامبەر بە نەتەوە و ناسنامەکانی تر ئەنجامی داوە ڕەگەزپەرستیێ مۆدێرنە. بۆیە گشت ڕوودا و دیاردەکانی پێشوو بە هەردوو جەنگە جیهانیەکە و گینۆساید و جەنگی ساردیشەوە تادەگاتە کۆلۆنیالیزم و ئمپریالیزم بیرۆکەی مۆدێرنەی لەناخی خۆیدا پەنهاندابوو و , ئەو ڕەگەزپەرستیەش کە ئەم بیرۆکەیەی ئاڕاستە دەکرد شارستانی تازەی دروستکرد بەلام لەگەل داهاتنی جیهانگیری و تیرۆریزم پێدەنێینە ناو ڕەگەزپەرستیێ بالاوە کە ئەوەش بیرۆکەی پۆست مۆدێرنە ئاڕاستەی دەکا. کەواتە ڕووداو و دیاردە و جەنگ دەچێتە قۆناخێ ترەوە کە ئەوەش جەنگی تێکدانی هێماکانی یەکترە. ئەم جەنگە چونکە زۆر بە ئەزموونە ئاوا بەئاسانی و لەناکاو وەك ئەوانیتر کۆتای نایێ.
گەر خۆمان لە ئەندێشەی سیاسی بۆدریار نزدیك بکەینەوە دەبینین بۆدریار زۆر ئارەزووی ئەوەدەکا کە پێمان بلێ بەلێ ئەوەی ڕوویدا لە مانهاتان ڕووداوێ ڕاستەقینە بوو و لەگەل بەرجەستەبوونیشی شوێنێ دیاری بۆخۆی دەستنیشانکرد. ئەو شوێنە بۆ ئەم بیریارە زۆر ماناداره چونکە مەلبەندی هێمای سەرمایەداری جیهانی بوو. ڕووداوەکە کە پێمانوایە بووە هۆی دروستبوونی جەنگێ ,کە لە مێدیاکانا پاشان ناونرا " " جەنگ دژ بە تیرۆریزم" ", ئەم جەنگە وەك هەموو جەنگەکانی تر لە دوو بەرە(لا) پێکدێ کە یەکێکیان ئەوانەن هێرشیان کراوەتەسەر و دووەمیشیان ئەوانەن هێرشیانکردووە. هەردوو بەرەکەش پاساودانی جەنگەکەیان دەکەن. ئەمی هێرشی کراوەتە سەر پێیوایە لەناو مالی خۆی پەلاماردراوە و ئەوی تریش وایلێکدەداتەوە کە ئەمە یەکەم پەلاماردانە کە بیکاتە سەر کەسانێ کە مێژوویێ چڕیان لە پەلاماردان بۆخۆیان نووسیووتەوە. چۆن دەکرێ لەم یاریە بگەین کە دەیەوێ پەلاماردان بەڕەوشتیبکا. ڕوونتر بدۆین , چۆن دەشێ لە ڕووداوێ بگەین کە بۆ ئەوەکراوە کە ئاکاری پاکسازی لەپاشخۆی بەجێبهێلێ. ئەوە چ پەیامێکە کە پاکسازی بە بەخشینی جەستە بێتەدی. ئەوە چ ڕەوشتێکە کە بە کوشتنی ئەوتر تۆلە لە مێژوو بکەیتەوە. ئەوە چ سەرفرازێکە کە بەهۆی فەلاچۆکردنی بەرامبەرەکەت کۆمارێ لە ئازادی دروستکەیت. ئێمە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنانە پەلەناکەین و گشت باسەکانی تریشمان بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەبەین.
بەباوەڕی ئێمە مانهاتان بووە هۆی سەرهەلدانی جەنگێ کە جەنگەکەش بەرهەمی ئەو ڕووداوەیە کە پێشوەخت شوێنی بەخۆی گرت. ئەم لایەنەش ئێمە وەك دەروازەێ تەماشایدەکەین بۆ سەرهەلدانی جەنگێ دڕ کە دژ بە فەلسەفەی ماف و ئازادی کەوتەوە. ڕووداوەکانی مانهاتان ,کە بووە هۆی دروستبوونی جەنگێ ئونیڤێرسال, نەك هەر دۆزی دیرۆك و دەسەلاتی لە گەردووندا گۆڕی بەلکو خووڕەوشت و ڕەفتاری گشت کەسێکیشی شلەقاند.
لەسەر ئاستێ تریش ڕووداوەکانی مانهاتان کارێوایکرد شیکردنەوە (ڕاڤەکردنی) بگۆڕدرێ و ئاڕاستەێ تر وەرگرێ. ئاڕاستەکەش بەتەواوەتی بە پێچەوانەی ئەو هیوایەوە کەوتەوە کە پێش ڕووداوەکان لە مەلبەندەکانی توێژینەوە و لێکدانەوە کاری بۆدەکرا کە پتر کراوە و هیوابەخشتربوون. پێش ڕووداوەکان ڕوناکبیر و بیریاران

ئومێدێ زۆریان بە لەیەك نزدیكبوونەوەی ناسنامە و كولتووره جیاجیاكان هەبوو و ,هەمووش باسی جۆرە گەردووناوگەرێكیان دەكرد كە دواتر نائاسایێك وەك مۆرانە چووە لەشی ئەو گەردووناوگەریەوە كە ئێستا لە تابلۆێ ڕۆمانسی دەچێ.

وێرای ئەوەی ووترا دەمانەوێ جەغت لەوەشكەین كە , ئێمە بە داكەوتنی دوو تاوەرەكە پێمانانیە ناو دوورگەی پۆست یۆتۆپیاوە. ئەو بەردەوامگەرییەی كە بانگەشەی بۆدەكرا بەجۆرێ بە دابڕان گۆڕدرایەوە كە ڕاڤەكردنەكان جارێ بەتەواوەتی پەییان پێنەبردووە. بەشێ زۆر لە ڕاڤەكردنەكان كە نەیانتوانی جیاوازی نخەنە نێوان ئەوانەی پەلامارەكانیان ئەنجامدا و ئەوانەی بوونە سووتەمەنی ئەم پەلاماردانە چۆن دەتوانن دیاردەی تیرۆریزممان بۆ ڕوونكەنەوە. بەشێ زۆر لە ڕاڤەكردنەكان كە ئەم دیاردە كوشندەیەیان بەجۆرێ ڕوونكردەوە كە پەلاماردەران تەنیا ویستیان ئەوەبوو ئامانجێ بپێكن و بۆ ئەوەی ئەوەش بێتەدی ئەو هەموو قووربانیانە درا. یان بەشێ زۆر لە ڕاڤەكردنەكان بەوە گەیشتن كە پەلاماردەران لەئاكامی ڕەتكردنەوەی داواكانیان هەستان بەم كارە تیرۆریستیە و ئەوەش بووە هۆی مردنی هەزارەها لە چركەێكدا. نەخێر ناشێ ئەو ڕووداوانەی ڕۆژی 11 ی 9 بەوشێوەیە ڕاڤەكرێ. ئەوە ڕاڤەكردنن نییە بەلكو پاساودانە بەلام بەشێوازێ زمانەوانی ڕۆژنامەگەریانە. ئەوەی ڕوویدا تیرۆر بوو كە تائێستا لە لاپەڕەكانی مێژوودا بێوێنەیە. ئەوەی كە ڕوویدا جەنگ بوو لە كرۆكی تیرۆر. ئەوی ڕوویدا ئاماژەێ بوو بۆ پەلاماردراوەكان كە دەبێ خۆیان لە ناواخنە نیشانەیەكەی (هێمایەكەی) ئەم پەلاماردانە بگەن. پاشان بەشێ زۆر لە ڕاڤەكردنەكان پەییان بەوە نەبردووە كە ئەوانەی هێرشە تیرۆریستیەكەیان ئەنجامدا نەدەكرا لەو ڕێگایە زیاتر هەلبژێرن. چونكە پەلاماردەران ڕق و كینەیان گەیشتبووە ترۆپك. ئەمانە دوا دراگۆلای سەردەمن و بەو هێرشەشیان دوا تنۆكی خوێنی جەستەی ڕۆژئاوایان هەلمژی. لەدوای ئەم خوێنمژینەشیانەوە ئیدی كارگە سینەمایەكانی هۆلیوود دەبێ واز لە نمایشی دراگۆلایانە بهێنن. دەشێ بۆ لەمەولا لە مێدیاكانا بووترێ جەنگ دژ بە پۆست دراگۆلا" " نەك تیرۆریزم. ئەم پەلاماردەرانە دەمێك بوو خولیای لەوجۆرە هێرشە بوون. ئەو هێرشە ئەو شێواوییە موڕالیەبوو كە پەلاماردەران پێش پەلامارەكەیان هەلگریبوون و , ئەو پەشێویە دەروونیەش بوو كە دەیژیان و , ئەو خوێنبازیەش بوو كە باوەڕیان پێبوو. ئەو ڕووداوە بانگەوازێ بوو بۆ هەلكیرسانی جەنگ لە چاخی زانیاریدا. پەلاماردەران دلنیابوون لە گەیشتنی سیگنالەكەیان و دەیانزانی ئەم سیگنالەش بەچ ئاكامێ دەگا. بەلام موخابن بەرپرسانی قووربانیەكان نەیاندەزانی كە تەرەفی دووەم دەروەسی هیچ نایێ.چونكە هیچی نییە بیدۆڕێنێ. ئەو دەروەسی ناسنامە و ترادیسیۆنێ نایێ كە لەسەرەمەرگدایە. خۆی بەخاوەنی بەهاهایەك نازانێ كە لەگشت ڕوویێكەوە گومانی لێدەكرێ. ئەوان(واتە پەلاماردەران)نوێنەرایەتی شتێناكەن كە دواتر بەهۆی ئەم هێرشەوە شكست بهێنێ. ئەمان پێش ئەوەی موسلمان یان عەرەبن پەلاماردەرن. ئەوە كاری دەرگاكانی جیهانگیریە بە موسلمان بوون و بە عەرەببوونەكەی ئەمانە بكا بە ئارگومێنتێ بۆ ڕوونكردنەوەی كارەساتەكە. چونكە ئەو دەزگایانە نایانەوێ لەوەبگەن كە پەلاماردەران لە بوونێكدا خۆدەگوزەرێنن كە مایەی گشت سلكردنەوەیەكە. ئەمە نەخواستی خۆیانە و نەش خواستیان هەرگیز ئەوەبووە ببن بە جێی سەرنجی ئەویتر(پەلاماردراوان). ئەمە جەنگێ كلاسیك نییە لەنێوان تیرۆریستەكان و ئەنتی تیرۆریستەكان, یان لەنێوان پەلاماردەران و پەلاماردراوان. ئەمە چركەی تۆلەكردنەوەیە لەیەكتر یان چركەی دیاریكردنی سزا و تاوانە هەروەها چركەی دادناسی و دیاریكردنی ویستی مافە. وەكیتر, ڕەنگە ئەمە چركەی بەدەنگهاتن و بێدەنگكردنیش بێ. ئەمانەش بێگومان بەشێكن لە ئیتیكی ئەو جەنگە پۆست مۆدێرنەی لە هەندێ شوێن لە باسەكەدا ئاماژەمانپێكرد.

ئەمە ڕەنگە بەشێ لە خوێنەرانی ئەم باسە بەرەو چەند لێخوردبوونەوەێ بەرێ لەوانە یەكەم: بۆ دەبێ ئێمەی مرۆڤ ئاوا دڕندانە یەكتر سزابدەین؟, دووەم: بۆدەبێ سزا ئەو شێوەیە وەرگرێ؟, سێهەم: چۆن سزا مانای خۆی دەپێكێ كە بەكۆتایهێنان بە ڕۆحی خۆ و ئەویتر ئەنجامدرێ؟ سەبارەت بە لێخوردبوونەوەی یەكەم دەكرێ بووترێ گەر ئێمە لە مێژووی گشت ئەو پێكدادانە ئاشكراو نائاشكرایانە بگەین كە لەنێوان ئەو تەرەفانەدا ڕوویانداوە ڕەنگە بەوە بگەین كە ئەو پێكدانانە هەمیشە بێئاكام و بێدەرئەنجام بوونە. پێكدادانەكان كە لە فتیلەی ناكۆكی و ناحەزیەكانی زیاتر كردووە سروشتی هەردوولاشیان دڕندەتر كردووە. بەلام ئەوەی پێوەندی بە لێخوردبوونەوەی دووەمەوەیە وامانلێدەكا هەر بگەڕێینەوە بەشێ لە قسەكانی پێشوومان كە ئەوەش پێوەندی بە خودی بەدڕندەبوونی پەلاماردەران و پەلاماردراوانەوە هەیە. گەر لەمڕووشەوە تەماشای مێژووی كۆن و نوێی تاوانەكانی هەردوولاكەین ئەوكات بۆماندەردەكەوێ چەند هەردوولا لەكاتی تۆلەسەندنەوە و سزادانا تاوانكار و سزاكارانە ڕەفتاریانكردووە و چەندیش بەرامبەر بەیەك بێدەروەس و ناحەزیشبوونە. لەو بارەیەشەوە ئامارێ دیاریكراویمان لەبەردەستدانیە كە ئەوە نیشاندا یەكەم تاوان و یەكەم سزا لەمێژووی مرۆڤایەتی كەی و لەكوێ سەریهەلداوە. ئەمڕۆ كە زانستی سزا و تاوان ,ئەلبەتە زانستی ماف و دادیش, لە ولاتانی ڕۆژئاوا لەوپەڕی نەشونمادایە دەكارێ ئەوەمان بۆ ڕوونكاتەوە چی وای لە تاوانكار و سزاكاران كرد ئەم وانەیە بە مرۆڤایەتی بلێنەوە؟ دەردی ئەو زانستانە ئەوەیە كە لەگەل گشت گەشەێكیان بەلام جارێ بەتەواوەتی نەیانتوانیوە لە بەزمەكانی ئەمەبگەن كە پێیدەووترێ مرۆڤ! بەدلنیایشەوە پەیبردن بە تێگەیشتنەكانی مرۆڤ گەلێ لە تەلیسمەكان دەكاتەوە و ئەوەشمان بۆ ڕووندەكاتەوە كە سروشتی مرۆڤ

بۆ ئاوا خولقاوە کە پەلاماردراو و پەلاماردەربێ. چۆن سزا لەئێستادا ئەو شێوەیە وەرناگرێ کە ئێمەی بوونەوەری ئەم گەردوونە خاوەنی سەرمایەێ لە سزا و تاوانبین. گەر تەماشای دیرۆکی کۆنی مرۆڤیشکەین دەبین تاوان و سزاکان بەپێی ئاگایی کۆمەلایەتی و کولتووری و زانستی مرۆڤ تاهاتووە پتر دڕندە و بەد تر بووە و ئەو گۆڕان و گەشەیەش کە هاتۆتەسەر سەر ئاگایی مرۆڤی نوێ و زیادبوونی شیاوییش لەبەردەم ئەم مرۆڤە نوێیە بۆ گۆڕینی ڕوانین و تێگەیشتنەکانی دڕندەی و بەدیەکانی چڕتر و ئاڕاستەدارترکردووە. گشت ڕووداوەکان لەگەل هاتنی مۆدێرنەوە تائەوڕۆ ئەوە نیشانناداەن کە مرۆڤی نوێ نەیتوانیووە بەتەواوەتی لەو مرۆڤە بەربەریە سەرەتاییە خۆی جیاکاتەوە کە لە مێژوودا نیشانەی دڕندەیەتیە. مێژووی هاوچەرخمان چەندین وانەی تالی لە دڕندەیەتی و خراپەکاری و گوناهباری تیایە کە ناتوانین ئاوا بەئاسانی شانازی بەوە بکەین کە ئێمە شایانی ئەو هەموو ئاوەلناوە تازە و باشانە نیین کە پێمان دەوترێ.

سەبارەت بە لێخووردبوونەوەی سێهەمیش دەمانەوێ ئەوە بەرباسخەین کە بەلێ ئەم جۆرە سزایە هەر بەو شێوەیە دەکارێ بە ئاکامی خۆی بگا. چونکە ئەم سزایە ویستی هێمایی ئەو پەیامەیە کە دەیەوێ دوا وانەمان لەبارەی دڕندەیەتیەوە پێبلێتەوە. وەکیتر دەشێ ئەو وانەیە ناونرێ" " پایانی وانەی دڕندەیەتی" " . ئیدی لەدوای ئەو وانەیەوە , لەپاش ئەوەی لە مانهاتان ڕوویدا, ناشێ ئێمە خەیالمان بۆ ئەوە بڕوا کە ڕۆح چییە بەلکو چۆن دەکرێ ڕۆح وەگەڕخرێ تا هێما بەرهەمبهێنێ. بەپێی ئەو هاوکێشەیەش بۆئەوەی هێما بەرهەمبێ دەبێ ڕۆح بفەوتێ.

گەیاندنی پەیام بەهۆی فەوتانی ڕۆحەوە تازەترین شمەکی ئەو پیشەسازیەیە کە دەشێ بە " "**پیشەسازی تیرۆریزم** " " ناونرێ. ئەم پیشەسازیە گەورەترین داهێنانی ئەو پەیامە تیۆلۆگیەیە (لاهوتیەیە) کە گالتە بە جەستەدەکا. ئەم پەیامە ئەمە نەکا ناتوانێ نە هێما دروستکا و نەش بەرەنگاری ئەو هێمایە بێتەوە کە دەسەلاتی سیاسی و ئابووری جیهانگیری خولقاندوویەتی. ئەو پەیامە تیۆلۆگ (لاهوتی) یە گەر ئەو ڕێگایەی هەلنەبژاردایە نەیدەتوانی بەگژ هێمای سەردەم بچێتەوە. ئەوەی ڕوویدا لە مانهاتان جەنگی نێوان دوو پەیامبوو کە هەریەکەیان هێمای خۆیان هەیە. یەکەمیان هێمایێ دونیای و دەهریی هەیە و ئەوتریان هێمایێ ئەودونیای و ڕۆحی هەیە. ئەمیان ئابووریخوازی و پارەگەرایی کردووە بە ویستی کولتووری و کۆمەلایەتی خۆی و ئەوتریشیان فەوتانی خۆ و مەرگبازی کردووە بە ئامرازێ بۆ گەیشتن بە ئاکامەکانی. ئەمان(واتە مەرگبازەکان) کە هەمیشە ڕەخنەی ئەوەیان لەخۆیان گرتووە کە بۆ دروستکردنی گۆڕانەکان هەمیشە پەنایان بۆ هێزی یان یارمەتی دەرەکی بردووە بەلام لەگەل ئەو هێرشە تیرۆریستیەی کردیانە سەر هێمای ئەویتر لە ناومالی خۆی , بەوە ئەو وێنەیان لەبنا گۆڕی. ئەم وێنەیەش ئاوا نەدەگۆڕدرا گەر تیرۆریستەکان بە فەوتانی خۆیان پەیام نەگەێنن. گەیاندنی پەیام بەمشێوەیەش دەکەوێتە ئەودیو ئەو مانا مێژوویەوە کە ئەو ڕووداوانە بۆخۆیانی پێکیدێنن. ئەو مانا مێژوویەش پڕ بە پێستی ئەو کاتاسترۆفە(بەلا, کارەسات) مێژوویەیە کە لە ڕۆژەکانی یەکەمی چاخی نوێدا یەقەی مرۆڤی نوێی گرت. ئەو کاتەسترۆفە مێژوویە نەبایە باس لە گۆڕان لە خودی ڕووداو نەدەکرا. چونکە ڕوودانی 11 ی 9 سێمانتیکی ڕووداوی گۆڕی و ئەو واتە سیاسیەشی سەرانسەر گۆڕی کە هەمیشە ڕاهاتبوو لەسەر ڕوونکردنەوەی ڕوودا و کاتاسترۆف بدوێ. ماهیەتی ئەم گۆڕانەش ,هەروەك لەمەوبەر ئاماژەمان پێکرد, بەهۆی خستنەوەی ئەو هێمایەوە بوو کە پاش خۆی خستیەوە. لەم حالەتەدا بەزۆری باس لە مەرگ دەکرێ کە چۆن دەبێتە هەلگری ئەو هێمایە.

ڕاستە زۆربەی ڕووداوەکانی مێژوو پێوەندی خۆیان بەجۆرێ لە جۆرەکان بە مەرگەوە هەبووە و مەرگ مانای خۆی لە پێکهێنانی ڕووداو هەبووە بەلام نەك لەم ئاستە. لەبەرئەوەی ڕووداوەکەی مانهاتان جۆرە بێزکردنەوەکیش بوو لە مەرگ بەلام ئەم بێزکردنەوەیەش بەهۆی بێ بەهاکردنی جەستەوە بوو نەك شتێ تر. کەواتە نهێنی بەهێمابوونی ڕووداوەکە لەو بێزکردنەوەیە خۆی بەرجەستە دەکا کە لەدواین باردا لە واتای مەرگ دا نیشتەجێکرا ئەلبەتە ئەمەش هەر بەهۆی بێماناکردنی جەستەوە بوو. ئەوەی جەستە لە ئاسمانی مانهاتان بەسەریهات ئەوپەڕی گالتەکردن بوو بە گشت ئەو مانایانەی جەستە تائەوکاتە بۆخۆی دروستکردبوو. باشە جەستە بۆ ئەمە دەکا؟ بەبێ گومان دەشێ لێرەدا سەرنج نخەینە سەر ئەو لایەنەی کە ئارگومێنتێرەی ئەوەدەکا کە دەلێ ئەو ڕووداوە بۆئەوەی لەو ئاستەدا تۆمارکرێ دەبایە جەستە قووربانی بە هەبوونی خۆی بدا. قووربانیدانیش ,کە یەکێکە لە پیشەسازیەکانی تری تیرۆریزم, بۆئەوە ئەنجامدەدرێ کە هێما دروستکا. هەچ هێمایێکیش کە بەهۆی قووربانیدانەوە دروستدەبێ هەرگیز لەبیرچوونەوەی نییە. بۆئەوەی ئەمەش بکرێ دەبێ جەستە ببێ بە ئامرازی ئەم قوربانیدانە. لێرەوە مەرگ ناوێتر بۆخۆی دابیندەکا کە بەمە خۆی لە مردنی ئاسای جیادەکاتەوە, واتە مردن بەهۆی بوومەلەرزە و فەیەزان و یان کەوتنەخوارەی فرۆکەێ یاخود هەچ ڕووداوێ سروشتی ترەوە. بەهۆی ڕووداوەکانی ڕۆژی 11ی9 ئەوەش ڕوونبوەوە کە هەر خودی مەرگیش تاڕادەێ لەوەکەوتووە کە بە مانا ترادیسیۆنیەکەی خۆی قایلبێ. بۆیە ئەو ڕووداوانە سێمانتیکی مەرگیان گۆڕی هەروەك ئەوەی کە دەستکاری مانای تیۆلۆژی(لاهوتی) جەستەشیانکرد.

بەمەش ئێمە پتر خۆمان لەو جەنگە پۆست مۆدێرنە نزدیکدەکەینەوە کە لەگشت شوێنێکدا بەڕێوەیە.

هەر لەو ڕوەوە دەبێ ئەوەش یادخاینەوە کە, ئەمان(واتە ئەوانەی جەستەی خۆیان کردە قوربانی) هەموو ئەمانەیانکرد تا پێمانبلێن ئەو هێمایەی چەندین سەدەیە ڕۆژئاوا بۆ خۆی دروستیکردوە ئەمان ئاوا داستانئامێزانە

لە چەند چرکەیێکدا ڕەتیدەکەنەوە. بەلام ئەم ڕەتکردنەوەیە, کە زۆر بێ وێنەبوو, بۆئەوەنەبوو کە مانایێ مێژووی دروستکا بەلکو بۆ ئەوە بوو کە هێمایێ بەرامبەر بەو هێمایە بهێنێتەدونیا کە ڕەتیدەکاتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەوان دەیانزانی ئەوەی مانای مێژووی دروستدەکا تەنیا لە توانای ئەو دەسەلاتە سیاسی و ئابووریەیە کە ئەو هێما پۆلائامێزەی لە مانهاتان دروستکردووە. بەمانا کلاسیکەکەی ئەوانەی مانای مێژووی دروستدەکەن ئەوانەن سەرداریی سیاسی و ئابوورییان لەدەستدایە. بەمجۆرە ئەمان , بەپێی ئارگومێنتی خۆیان بێ, دەبایە ئەمە بکەن تا ئەو سەرداریيە تێکدەن. تۆ بلێی تێکدانی سەرداریەکە جۆرە سیاسەتگەرایێ تیۆلۆگی نوێ نەبێ؟ گشت نیشانەکان باس لەوەدەکەن ئەوەی ڕوویدا یەکێکە لە خەسلەتەکانی جەنگێ ئاینی پۆست مۆدێرن. ئاماژەکانی ئەم جەنگە پۆست مۆدێرنە جیهان بەسەر دوو جۆر لە تیۆلۆژیادا دابەشدەکا. ئەمەش لەبەرئەوەی هەردوو لا باس لە شەڕ(واتە بەدی) دەکەن. هەردوولا باس لە باشی خۆیان و خراپی ئەویتر دەکەن. بەکاربردنی وشەی شەڕ لەلایەن ئیدارەی سیاسی ئەمەریکابەکانەوە کاروانی شارستانی ڕۆژئاوای بۆ پتر لە 500 سال لەمەوبەر گەڕانەوە. ئەو شێوە بەکابردنە تیۆلۆژیانەیەی زمانی سیاسیش تاکە شێوازێ بوو کە ئەمەریکایەکان باوەڕیان پێبوو. چونکە ئەمەریکایەکان زمانی تیۆلۆژی تیرۆریستەکانیان کردبوو بە ئاماژە لەسەر شەڕانگیزیان بەلام ئەو زمانە لای روناکبیرانی ئیدارەی بۆش تائەوپەڕی بەسیاسیکرا. هەردوو زمانە تیۆلۆژیەکەش داکۆکی لە مرۆڤ دەکەن. یەکێکیان مرۆڤ وەك ئیندڤید(تاك) ێ ئازاد تەماشادەکا و ئەویتر وەك موسلمانێ ڕەواخواز. ئەمیان ئامادەیە گشت شوێنێ بتەنێتەوە تا ئەو ئازادیە بلاوکاتەوە و ئەویتریشیان لەگشت شوێنێ دەگرسێتەوە تا ئەو ڕەواخوازیەی بگەێنێ. لێرەوە باس لە دوو مرۆڤ دەکرێ کە یەکێکیانە ئازادە و ئەویتر ڕەواخواز. یەکەمیان بۆ ئەوەی ئازادی بگەێنێ قۆرخی گشت دونیادەکا بەلام ئەوی دووەم بۆ ئەوەی ئەو ڕەواخوازیە بە گوێ ئەویتردا بچرپێنێ دێ لەناو مالەکانی ئازادیدا ئازادی ڕەتدەکاتەوە.

سەرەڕای ئەوی لەسەرەوە وتمان ئەوەش دەلێین, ئەم ڕەتکردنەوەیە ناوەڕۆکی پەیامی ئەو ڕەواخوازیەیە کە تیرۆریستەکان بانگەشەی بۆدەکەن. تیرۆریستەکان وایبۆدەچن ئەوە جیهانگیریە کە ناڕەوایی بە جیهانا بلاوکردۆتەوە و بەرپرسیشە لە هێنانەخوارەوەی ئاستی بەها مرۆییەکان. تیرۆریستەکان کە دوژمنی سەرسەختی جیهانگیرین لەلایەن بۆدریارەوە لە ئیسلامیەکان جیادەکرێنەوە. ئەمەی بۆدریار گرنگی پێدەدا ئەو گومڕاییەیە کە پاش ڕووداوەکانی 11ی 9 لە مێدیاکانا بەرجەستەکرا بەهۆی هاوشێوەکردنی ئیسلامیەکان بە تیۆریستەکانەوە. هۆکاری سەرەکی ئەو هاوشێوەیەش ,بەبۆچوونی ئێمە, بۆ سێمانتیکی سیاسی ئیدارەی ئەمەریکی دەگەڕێتەوە کە سەرەتا ئەو ڕووداوەی بە ئاین و کولتووری تیرۆریستەکانەوە بەستەوە. واتە هاوشێوەیەکە پێشتر لە وتاری سیاسی کۆشکی سپیەوە هاتە ناو مێدیای ڕۆژئاواوە. ئەم مێدیایەش کە توانای خۆی لە دروستکردنی ڕاستی بەهۆی وێنەوە هەیە بەرپرسیارێ ڕەوشتی زۆری دەکەوێتەسەر لە بەستنەوەی ناسنامە و کولتوور و ئاین بە ڕەفتاری بەدی تیرۆریستەکانەوە. بەلام کەمتر لەوەش لەلایەن ئیدارەی سیاسی ئەو گروپە تیرۆریستیەوە نەوترا پاشئەوەی بەرپرسیاری خۆیان لە ڕووداوەکان دەڕبڕی. هەروەها ڕەوانبێژی سیاسی ڕابەرانی تیرۆریستەکان بەجۆرێ داڕێژرابوو کە ئیسلامی وەك دژەگەرایێکی هەمیشەی شارستانی ڕۆژئاوا نیشاندەدا.

لێرەدا دەمانەوێ ئەوەش بلێین کە , تاڕادەێ ئەو جیاکردنەوەیەی بۆدریار بۆ ئیسلام لە تیرۆریزم لە ئەندێشەیدا زۆر چەسپاو نییە. چونکە بۆدریار لە سەرەتای توێژینەوەکەیدا تیرۆریزم بەو ڤایرۆسە دەشوبهێنێ کە زۆربەی کۆمپیوتەرەکان دووچاری بوون پاشان لەشوێنێتر لە نووسینەکەیدا دێتەوەسەرئەوەی کە ئیسلامیش ڤایرۆس ئاسا لەگشت شوێنێ ئامادەیە. ئەمە تاڕادەێ پاڕادۆکسێ مێتۆدیە کە ئەم بیریارە دووچاری بووە.ئەم پاڕادۆکسەش دەکرێ بەهۆی ئەوەوە چارەسەرکرێ کە تیرۆریزم , ئەوی کە ئەمڕۆ وەك پەتا بلاوە, تەنیا لەو شوێنانەدا بلاوە کە دەخوازێ زیان بە هێزی گلوبال و داموودەزگاکانی بگەێنێ. ئالەم حالەتەدا گومانی ناوێ کە تیرۆریزم شوێنێ دیاریکراوی نییە بەلام هێزی گلوبالیش بەخۆی هێزێ سەرووی هەرێمی و ناوچەییە و سنووری جوگرافی خۆی هەمیشە تێدەپەڕێنێ. بۆیە زۆر ئاسایە بۆ ئەنجامدانی ئامانجەکانی هەروەك تیرۆریزم ڕوو لە گشت شوێنێ بنێ. بۆیە دەکرێ بووترێ کە ئەوە تەنیا تیرۆریزم نییە کە شوێنی نادیارە بەلکو دژەکەشی, واتە جیهانیگیری, لە گشت جێگایەك ئامادەیە. واتە چ تیرۆریزم و چش جیهانگیری هەردوو ڤایرۆسن. جیهانگیری بۆ بەدەستهێنانی پارە ئەلبەتە لەڕێگای بلاوکردنەوەی زانین و گەیاندنی نێت و ووتنەوەی وانە لەمەڕ داد و ماف سەر بە گشت شوێنێ دەنێ و لەگشت کاتێکیشدا ئامادەیە. تیرۆریزمیش کە خۆی وەك نەیاری ئەبەدی جیهانگیری بەیاندەکا ,بۆئەوەی بەرەنگاری ئەو هێزە هێماییە ببێتەوە کە لەناخی جیهانگیریدا پەنهانە, ئامادەیە تا هەمیشە نۆماد (گەڕۆك) بێ. ئەمەش دەرگای لە نۆمادیزم(گەڕۆکی) ێ نوێ کردۆتەوە کە کۆمەلگەی پۆست مۆدێرن هێناویەتە ناو ژیانمانەوە. ئەو نۆماندیزمەش چ تیرۆریزم و چش جیهانگیری بەیەکسانی دەیژێن. تیرۆریزمی نوێ, کە تیرۆریزمی چاخی زانیاری تەکنەلۆژییە , بەپێچەوانەی گشت فۆڕمەکانی تری تیرۆریزم کاردەکا. ئەم جۆرە تیرۆریزمە ئامانجی نێودەولەتیە و بزووتنەوەکانیشی وەك تەزووی کارەبا نادیارە.ئەم تیرۆریزمە نەك هەر لە تیرۆریزمە ناوخۆیەکان جودایە بەلکو لەو تیرۆریزمە دەولەتیەش جودایە کە لەناوەوەی دوو جەمسەرەکەی جەنگی سارد پیادەدەکرا.

بۆنموونە سالانی هەفتاکان ولاتی ئیتالیا زەلالەتی بوو بەدەست تیرۆرەوە. بەلام ئەوە شتێ تایبەت بوو بەو ولاتە ئەوروپایەوە. ئەو ڕووداوە کە بەرهەمی کێشەی سیاسی و گەندەلی ئابووری ولاتەکە خۆیبوو کارێ وایکرد هەندێ گرووپی چەپ کار بۆئەوەبکەن کە بەڕێگای تیرۆر دەنگی خۆیان بگەێنن و چارەسەر بۆ ئەو ناتەباییە کۆمەلایەتی و ئابوورییە بدۆزنەوە کە لە ئاکامی نادادپەروەرییە ئابووری و سیاسیەکانەوە دروستدەبوون. بەلام ناکرێ هەمانشت سەبارەت بە ولاتێ وەك یەکیەتی سۆڤیەتی جاران بووترێ. چونکە ئەو ولاتە کە پیادەی تیرۆریزمێ دەولەتیدەکرد بەهۆی زۆرداریێ سیاسییەوە ئەم شێوە تیرۆریزمەی بەڕێوەدەبرد کە توانیبووی چەندین نەتەوە و کولتووری جیاجیا بەیەکەوە گرێدا تا وێنەیەکی سیاسی یەکانگیر و تەبا نیشاندا. بەلام بەهەلەوەشانەوەی ئەو وێنەیە ئەو تیرۆریزمە دەولەتیە خۆی لە بوونیادی سیاسی دەولەتی فیدرالی ڕوسی دیووە کە بەخۆی عەقلی سیاسی دەولەتە زۆردارەکەی پێشووبوو بەلام لەهەمانکاتدا گروپی تیرۆریستی تریش لەدەرەوەی بوونیادی سیاسی فیدڕال دا دروستبوون وەك بەرهەمی ئەو پەروەردە سیاسیەی کە ستەم و تیرۆر ڕایگرتبوو. ئەی ئەوە تیرۆری دەولەتی نەبوو کە نیو سەدە یەکیەتی سۆڤیەتی جاران بەناوی جەنگی سارد پەراوێز و نێچری سیاسی لەم ولات و لەو ولات دروستدەکرد کە پاشانیش بەهۆی تیرۆریزمێ دەولەتی لەخۆی گلوبالتر و ئۆرگەنیزەتر داڕما. ئەم تیرۆریزمە نێودەولەتیەی ئێستاش لەگەلێ ڕوەوە کالای ئەو تیرۆریزمە دەولەتیەیە کە جەنگی سارد و گەلێ لە فۆڕمەکانی زۆرداری و ستەم بەخێویانکرد. بەکورتی تیرۆریزم بەرهەمی چەوتی و هەلەکانی سێستەمە سیاسیەکانی پێشووە.بەلام لە ئێستادا تیرۆریزم دەبەوێ خۆی لە سیستەمەکان جیاکاتەوە و جەنگێ بەشێوازی خۆی دژ بە گشت سێستەمەکان بەیانکا. ئەم تیرۆریزمە ,هەروەك لەسەرەوەش ئاماژەی پێکرا, بەدوای تارمایی جیهانگیری دا وێلە. ئەو لەکوێیێ خۆی لەوێدا دەبینێتەوە. بۆیە تیرۆریزم ئاسایە لە مەدرید بێ و پاش ماوەێتر خۆی لە لێڤەرپول یان ئیسلامئاباد ببینێتەوە. تیرۆریزم کە بەهۆی جیهانگیریەوە ئاوا نێودەولەتی کرا تەنیا کار بۆ تێکدانی شیرازەی ئەو نێودەولەتیەدەکا کە سێستەم پێوەیبەندە. بۆیە تیرۆریزم شەڕی لۆکالی ناکا و بەگژ ئەو ڕژێمانەدا ناچێتەوە کە پەراوێزی هێزە گلوبالیەکانە, کە لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە پاڕادۆکسە گەورەکانی تیرۆریزم. ئەو کە قووربانی ڕژێمە ناوخۆیەکانی جیهانی عەرەبی ئیسلامیە بەگژ ئەو هێزەدا دەچێتەوە کە لە بەنێودەولەتیکردنی خودی تیرۆریزم دا بەرپرسیارە. ئەمە بەخۆی ستراتیژی نوێی تیرۆریزمە بەلام بۆ جیهانگیری ئەمە وەك خۆی هەرسنابێ. چونکە ئەمە خەونی جیهانگیری نەبووە و هەرگیز پێشبینی ئەوەشی نەکردووە کە تیرۆریزم بەگژ خۆیدا بچێتەوە. کەس ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکا گەر تیرۆریزم خۆی بۆ بەگژاچوونەوەی ڕژێمەکانی ولاتانی عەرەبی ئیسلامی تەرخانکردبایە ئەو کات هەلوێستی جیهانگیری چۆن دەبوو. جیهانگیری لەبەرئەوەی زۆر بە ئەزموونە و هەر بەخۆی بریتیشە لە چڕگەی گشت مێژووی شارستانی ڕۆژئاوا هەمیشە پڕۆگرام و وتاری ئامادەی هەیە و داناشە لەوەی بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ و لەکاتی پێویست دا بەلانس ڕاگرێ. بۆیە زۆر ئاسایە ئەوکاتە ڕۆژئاوا تیرۆریزمی وەك کێشەیەکی ناوخۆی ببینیایە و تاڕادەێ ڕەنگە گەندەلی ئابووری و دواکەوتنی کۆمەلایەتی و زۆرداری سیاسیشی بکردبایە بە بیانوو بۆ ئەو پێکدادانەی نێوان تیرۆریزم و ڕژێمەکانی ئەو ولاتانە. بەلام تیرۆریزم ئەمەی نەکرد و هەر زووش بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەوە ئێوەن دەستتان لە دروستکردنی ئەو ڕژێمە گەندەل و زۆردارانەدا هەیە. ئەمە بەخۆی هێپۆتێزێ(گریمانێ) لاوازە و ناشێ بۆ ماوەێ درێژ کاری لەسەرکرێ. چونکە هێپۆتێزی تر هەن کە لە توانایاندایە ئەم هێپۆتێزە هەلوەشێننەوە , بۆنموونە ڕۆلی خودی سێستەمی گلوبال لە پەروەردەکردنی ئەو گروپانەی ئەمڕۆ بە تیرۆریست ناودڕبرێن و هەروەها بەخێوکردنی ئەو ڕژێمە سیاسیانەش کە دەستیان لە دەرپەڕاندنی ئەو تیرۆیستانە لە ولاتانی خۆیان و گیرسانەوەیان لە ولاتانی ڕۆژئاوا یان چاتر بلێین لە مالی ئازادیدا هەیە. نابێ ئەوەش لەبیرکەین کە پێشتر بەو تیرۆریستانە دەووترا پەناهەندەی سیاسی, هەلاتوو, کەسانێ کە بەرەنگاری دیکتاتۆرەکان بونەتەوە. واتە لە ڕوانگەی سێستەم ئەمانە تیرۆریست نەبوون بەلکو لە ڕوانگەی ئەوانەوە تیرۆریست بوون کە دەریانیانپەڕاندوون. هەروەها ئەم جۆرە کەسانە تەنیا قووربانی ئەو پەروەردە سیاسیە زۆردارخوازی و ستەمگەرایە نین کە ڕژێمەکانیان پیادەی دەکەن بەلکو قووربانی تێڕامانە نەخۆش و دوو ڕەوشتیەکانی خۆشیانن کە بەم ئەندێشە ڕق ئامێز و خوێنبازیەی بردوون. بەلام ناشێ ئەو ئارگومێنتە لەبیرکەین کە بەشێ زۆر لە نووسەران سەبارەت بە دیاردەی تیرۆریزم لەبیریدەکەن کە ئەوەش بریتیە لەوەی ئەوانە, کە لای سەرەوە وەك تیرۆریست ناوزەدکران, زۆرداری و نادادپەروەری لە ناوچەکانیان گشت خەونیانی لەوەدا کۆکردۆتەوە کە چۆن بگەنە ولاتێ ڕۆژئاوای, ئەوەی ئەمڕۆ بووە بە دوژمنی سەرسەختیان. پاش گیرسانەوەشیان لە یەکێ لەو ولاتانە دەکەونە ناو پاڕادۆکس و پەشێویێ فکری و دەروونی غەریبەوە کە جگەلە ڕق و تۆلە شتیتری لێبەرنایێ. ئەمان کە زۆر کارەمایانە ئەو شەفافیەتەی لە یاسا و ماف و ڕەوایەتی ئەم ولاتانەدا هەیە بەکاردەبەن دواتر بەبێ قوولایەکی فکری و فەلسەفییەوە دەستدەدەنە تاوانبارکردنی ڕۆژئاوا کە شتێ ئەوتۆ لەو بارەیەوە بەرهەمناهێنن(باشترین نموونەش لەسەر ئەم جۆرە کەسانە ئەو سیاسییە نابینایانەن کە بەهۆی یاریەکانیان بە ڕەوانبێژی عەرەبی ڕەخنەبازی بەسەر گرفتەکانیانەوە دەکەن ,کە ڕۆژانەش لەسەر شاشەکانی ئەلجەزیرە قسەدەکەن). ڕەخنەکانی ئەمان نە لەو ڕەخنانەوە نزدیکە کە بیریارانی ڕۆژئاوا لە شارستانی ڕۆژئاوای

دەگرن و نەش لەو ڕەخنانەوە نزدیکە کە ڕوناکبیرانی غەیرە ڕۆژئاوای لە ڕۆژئاوای دەگرن. ڕەخنەکانی ئەمان ڕەخنەی کەسانێ داخلەدل و ڕقبازە کە تەنیا لە ئاماری ناحەزی و ناکۆکیەکان زیاتردەکا. سەیرەکە لەوەدایە کاتێ کە ڕەخنەکانیشیان ڕەوتی خۆی وەرنەگرت و هیچ بەرێکی نەبوو ئەوەبوو ئەوە ڕوویدا کە هەموو بەچاوی خۆمان پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 11 ی 9 دیمان.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە بۆدریار بە ووردی باس لەم لایەنە ناکا. نەك هەر ئەوە بەلکو ناوبراو باس لەوەشناکا کە , ئەمانەی ئەمڕۆ پێیاندەووترێ تیرۆریست پێشتر پەناهەندەی سیاسی و هەلاتووبوون و پاش ئەوەش کە سالانێ زۆر لە ڕۆژئاوا ژیانیان گوزەراند و , لە پەروەردە و خوێندن و ژینگەی کۆمەلایەتی ئەم ولاتانە کەلکیان وەرگرت ئەوجار هوشیاری بەرەنگاربوونەوەی شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایان لا سەوزبوو. ئەم لایەنە کە لە ئاگایی سیاسی و فکری بۆدریاردا وێنەی دانەکوتیووە باسکردنی گرینگە و فاکتەرێ باشیشە بۆ گەیشتن لە دیاردەی تیرۆریزم و پەرچەکرداریەکانی ڕۆژئاوا سەبارەت بەم دیاردەیە. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم لایەنە نەك هەر مەسەلەێ نامورالیە و پێویستە بەرباسخرێ بەلکو پاڕادۆکسێ گەورەشە لەژیانی ئەو کەسانەی تادوێنێ پەناهەندەی سیاسی و ڕاکردووی دەستی دیکتاتۆرەکان بوون و ئەمڕۆ تیرۆریستهاێ گلوبالن. ئەم لایەنەی ئەمانیش بەرهەمی ئەو پەروەردە پەشێوو و دوو ڕەوشتییەیە کە ماوەێ لەمەوبەر ئاماژەمانپێکرد. بەلام لە ڕوانگەی ئەوانەی بەتەواوەتی لە تیرۆریزم نەگەیشتوون ئەم بەرەنگاربوونەوەیە بە مەسەلەێ نامورالی و پارادۆکسالی نازانن بەلکو بە مەسەلەێ ڕەوا و ڕاستیشی دەزانن. واتە بەقەولی ئەوان دەبێ لێرەوە دەستپێکەن. لێرەوە , ئەو شوێنەی مۆلگەی تازەگەریەکانە. ئەو تازەگەریانەی بوونە بە سەرچاوەی پەشێووی و ڕاڕاییەکانە ئەمانە. واتە ئەمان لەو شوێنەوە دەستپێدەکەن کە دالدەی داون. ئەمە لەخۆیدا گالتە کردنە نەك هەر بە ڕەوشت بەلکو بە مانای پەناهەندەیەتی و میوانداریش. لێرەدا ئێمە باس لە کێشەێ ترادیسیۆنی ڕووت(ئەبستراکت) ناکەین بەلکو باس لەو مورالە دەکەین تیرۆریزم ڕایکێشایە ناو خەرابەی مورالی جیهانگیریەوە. لێرەوە دەشێ باس لە ناڕەوشتی لای تیرۆریستان بکرێ. بەلام ئەو ناڕەوشتییە لەخۆیدا وەلامە بۆ ناڕەوشتیێ تر. جیهانگیری کە ڕۆلەی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمە مێژویەکی چڕی لە تالان و بندەستکردن و چاندنی تۆوی ڕق و دووبەرەکایەتی لە ولاتانی تیرۆریستان هەبووە. ئەو مێژووە نەك هەر مانای لە دروستکردنی ڕژێمە زۆردارەکانیان هەبووە بەلکو مانای بۆ دەرپەڕاندن و دواتر بێناسنامەکردنیشان هەبووە.

ڕاستە تیرۆیستەکان کە تا دوێنێ بە پەناهەندەی سیاسی و بە هەلاتوو لەدەست جەور و ستەم لەقەلەم دەدران بەلام لەو ولاتانەی دالدەدران تائەوپەڕی بێناسنامە و لاوازیشکران. ئەو ڕاسیزمە نێودەولەتیەی ئەمانی لە ولاتانی خۆیان دەرپەڕان و لەهەمانکاتیشدا نازی بە ڕژێمە زۆردارەکانیان دەدا بووە هۆی ئەوەی ئەو داخ و قێزە لە ناخ ئەم هەلاتوانە سەبارەت بە شارستانی تازەی ڕۆژئاوا دروستکا و ئەمەش ئەوە لێبڕسکێ کە لە مانهاتان  هاتەدونیا.

ئەم لایەنەش ناچارماندەکا بلێین , بۆیە ئەمان خۆیان بۆ خستنەوەی هەلاوگۆڕانێ هێمای تەرخانکرد. ئەم هەلاوگۆڕانەش وایپێویستدەکرد ئەمانە مەرگی خۆیان پێشکەشکەن. واتە ڕیالیزەکردنی هلاوگۆڕانەکە لەسەر ئەو مەرجە گریمانەییە کوشندەیە خۆی بوونیادنا کە دەبێ جەستە بفەوتێ. ڕاستە جیهانگیری ڕۆژانە هێما دروستدەکا و , هەروەها هێما بۆ ئامانجی کولتووری و ئابووری خۆی لێرە و لەوێ بەکاردەبا بەلام ئەو هێمایەی تیرۆریستەکان بەهێنانەخوارەوەی دوو تاوەرەکە دروستیانکرد لە ئێستادا لە لایەن سێستەمەوە شیاوی دروستکردنەوەی ئەو هێمایە لە بەردەستدانیە. ئەمە کە بۆچوونی بۆدریارە ڕەنگە ئێمە ئەمە بە هێپۆتێزێ دژ وەلامدەینەوە کە ئەوەش ئەمەیە: ئایا تێکدانی دالدەکانی تیرۆریزم و زۆرداری لە ئەفغانستان و عێراق بریتی نەبوو لە دروستکردنی هێما؟ ئایا ئەوە سەرلەنوێ هێمای بەبەر ڕۆحی دوو تاوەرەکە نەکردەوە؟ ئایا ئەوانەی لەئاکامی بۆردومانەکانی جەنگ دژ بە تیرۆریزم سەریاننایەوە تازەگەرێ نەبووە لە دونیای مەرگ؟ لەهەموو ئەمانەش سەیرتر ئەو زەبر و توندوتیژیەی ڕۆژانە لێرە و لەوێ لەخەو هەلدەستێ جۆراوجۆریەکیان نەهێنایەکایەوە لە بواری کەمکردنەوەی بەهای جەستەوە؟؟

ئەم لایەنانە جارێ لە نووسینەکانی ئێستای بۆدریاردا(ئەوی تا ئێستا بەرچاومانکەوتووە) نەبۆتە شوێنی باس و ڕەنگە ئەم بیریارە لە ئایندەدا تیۆریزەی بەسەرەوەبکا بەلام سەبارەت بە خستنەوەی هێما بەهۆی مەرگەوە , لەشێوەی ئەوەی لە مانهاتان ڕوویدا , بۆ بۆدریار ئەم لایەنە مەسەلەێ دی دێنێتە پێشەوە کە ئەوەش مەسەلەی مەرگی هێمایی(سمبۆلی) و فیعلی(ڕیالیی)ە. چونکە ئەم بیریارە پاشبنەماخوازە لەو هەلاوگۆڕانانە زۆر بەئاگایە لەسەردەمی تازەدا هاتۆتە سەر دروستبوون و بەکاربردنی هێما. کارەکانی پێشووی ,کە ڕۆنکردنەوەێ زۆری سەبارەت بە دروستبوونی هێما لە کۆمەلگەی بەرخۆری ڕۆژئاوا و پێوەندی ئەوەش بە گۆڕانی مانای ڕاستی, تیابەدیدەکرێ بەرەو ئەوەماندەبەن بلێین ئەم بیریارە زۆر لە تێگەیشتنەکانی ئێستای سەبارەت بە بێتوانای سێستەم لە دروستکردنی هەلاوگۆڕانی هێمایی یان ئەوەی شتە هێمایەکان هەمان مانا و وێنە دروستناکەن کە شتە ڕیالییەکان دروستیدەکەن بەشێکە لە بوونیادێ فەلسەفی کە بیرۆکەکانی لەسەر بناغەی ڕەخنەکردنی شارستانی مۆدێرنە بوونیاندنراوە کە ئەمەش هەمیشە کاری بۆ هاوشێوەکردنی باشە بە خراپە کردووە. ئەم کە هەر لە بنەڕەتدا شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی ڕەتدەکاتەوە گومانیش لەوەدەکا کە ڕۆژئاوا توانای گیانبەخشینی تیامابێ. ئەم

لایەنە(واتە گیان بەخشین) کە سەد دەرسەد ڕۆژئاوا پشتی لێکردوە و زۆر بێئاگاشە لێی ئەو پێویستیەی پێنەماوە. باشە گرینگە لێرەدا ئەم تێڕامانەی بۆدریار بەوە ڕەتکەینەوە کە بۆدەبێ بۆ ڕۆژئاوایەکان خۆ بەخشین بەهاداربێ کاتێ کە ژیان پڕە لە وێنەی ئیرۆتیکی جۆراوجۆر. چونکە ئەوەی کە جیهانگیری تیا سەرکەوتوو بووە ئەوەیە کە چۆن ژیان تائەوپەڕی پۆرنۆگرافی(خەلاعی, ڕووت) بکا. ئەم جۆرە ڕێگایە بۆ دانی بەها بە ژیان تەنیا ئەو ئەزموونەیە کە جیهانگیری پێیدەولەمەندە. جیهانگیری کە دەروەسی مەرگ نایێ ئەمە ئەوە ناگەێنی کە جیهانگیریی ژیان دۆستە. بەلکو مانای ئەوەیە کە تەنیا بەهۆی بەردەوامی ژیانەوە جیهانگیری دەکرێ هەناسەبدا. واتە بایەخدانی جیهانگیری بە ژیان نهێنی ماناوەیەتی. بەلام ماندانی تیرۆریزم بە مەرگ مایەی بەردەوامبوونیەتی. ئەم مەرگەش کە تیرۆریزم بەهاداریدەکا ئەو مەرگە سروشتییە نییە کە گشت چاوەڕوانیەتی. مانای مەرگ لەگەل کردە تیرۆریستیەکەی 11 ی 9 سەرلەبەرگۆڕا. چونکە مەرگ بەر جۆرە دابەشکردنێ کەوت کە پێشتر پێی ئاشنانەبوو کە ئەوەش دابەشکردنی مەرگە بەسەر دوو جۆر لە مەرگ : مەرگی جوان و مەرگی ناشرین. ڕۆژئاوایەکان کە بەباشی لە ناوەڕۆکی ئەو ناشرینیەی ئەو هەموو مەرگەی مانهاتان گەیشتن بەلام پاشان خۆیان هەمانشتیان لە ئەفغانستان دووبارەکردەوە. جیهانگیری و تیرۆریزم هەردوو بەرامبەر بە کوشتنی گشت جوانیە سروشتیەکان مەرگ و ڕیسواکردنی جەستەش بەرپرسیارن.

پایزی 2003, ستۆکۆلم

azadhama@hotmail.com

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

1- ئەم باسە یەکێکە لەو چەند باسەی لەبارەی بیری فەلسەفی بیریاری پۆست مۆدێرنی فەڕەنسی ژان بۆدریار نووسراوە کە گفتووگۆی دیاردەی تیرۆر و زەبرووزەنگ دەکا.

***ڕێگێیم requiem**

ئەو نوێژەیە, مەراسیمی ئەو تەعزیەیە, بۆ مردووان لە کلێسەی کاتۆلیکیدا دەکرێ.

2 – بۆ ئەو لاپەڕانەی ئاماژەیان پێدەکرێ بڕوانە کتێبەکەی بۆدریار کە لەلایەن چرایز تۆرنەرەوە وەرگێڕدراوە. مەبەستم بۆ بەکاربردنی ئەم سەروتارەی بۆدریار سوودم لە کتێبی "*ڕۆحی تیرۆریزم*" " وەرگرتووە. ئەم کتێبە کە لە دوو سەروتار پێکدێ یەکێکیان ""ڕۆحی تیرۆریزم"" ە کە بۆدریار پاش ڕووداوەکانی **11** ی **9** ی **2001** لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی لە **2** ی نۆڤەمبەری **2001** دا بلاوکراوەتەوە. بەلام دواتر بۆدریار سەروتارێ دیشی نووسیوە بەناوی"" ڕێگێیم بۆ دوو تاوەرەکە"" کە لەلایەن چاپخانەی ڤێرسۆ وە هەردوو سەروتارەکە لە چوارچێوەی کتێبێ بەناوی "" ڕۆحی تیرۆریزم"" بەچاپگەیێندراوە. ئەم کتێبە لە وەرگێڕانی (چرایز تۆرنەر)ە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

**Chris Turner, The spirit of terrorism and requiem for the Twin Towers, London, Verso, 2002.**

بەلام گرینگە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەشبکەین کە ئەو سەروتارەی بۆدریار کە لە **2** ی نۆڤەمبەری **2001** لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی بلاویکردەوە پاش چەند ڕۆژێ واتە لە **14** ی هەمان مانگ و سال لەلایەن دکتۆر ڕاشل بلۆلەوە وەرگێڕدراوە. بڕوانە ئەم ئەدرێسە بۆ وەرگێڕاوەکەی دکتۆر ڕاشل بلۆل:

**http://cryptome.org/baud-terr-bh.htm**

دەشکرێ خوێنەر بڕوانێتە ئەم ئەدرێسە بۆ بەدەستهێنانی تێکستە فەڕەنسیەکەی بۆدریار:

http://www.lemonde.fr/rech_art/0,5987,239354,00.html